

بەبۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر مەکەنزییەوە:

# مەکەنزی و کورد

**(کۆمەڵەی چوار وتار و نامەیەک)**

سەرەتا نوسین و وەرگێرانی:

ئەنوەری سوڵتانی

ئەم بابەتە یەکەم جار وەک دۆسیەیەکی تایبەت، بەبۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر مەکەنزییەوە لە ژمارە یەکەمی گۆڤاری "کوردناسی" دا بڵاو کرایەوە کە د. نەجاتی عەبدوڵلا سەرنووسەری بوو و لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن "ناڤەندا هاڤیبوون یا لێکۆڵین و وەشانێن کوردی" لە بەرلین چاپ کرا. بیبلیۆگرافی لاپەڕەی کۆتایی لە لایەن کاک دوکتۆر نەجاتەوە ئامادە کراوە. سپاسی ڕێزدار فەرهاد شاکەلی دەکەم کە ڕێنووسی ووتارەکەی گۆڕی و لەڕاستیدا زیندووی کردەوە.

یەکەم جار لە کاک نەجاتی عەبدوڵڵام بیست کە پرۆفیسۆر د.ن مەکەنزی کۆچی دوایی کردوە، ئینجا لە دوو بەرپرسی قوتابخانەی توێژینەوەر ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقیەکان سەربە زانستگەی لەندەنم پرسیار کرد کە ئەوانیش هەواڵەکەیان تەئیید کردو بۆ ڕۆژی مردنەکەشی ئەم ئەئریخەیان ڕاگەیاند: 2001/10/13. واتە دوکتۆر مەکەنزی پسپۆری زمان و ئەدەبی کوردی ئیتر لە ناوماندا نەماوە. یادی بەخیربیت!

ناوی مەکەنزی وەک پسپۆری زمان و ئەدەبی کوردی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بڵاو بوەوە و تا سەرەتای هەشتاکان ئەم ناوە لە ئەوروپاو بە تایبەت لە بریتانیا هاوڕی بوو لەگەڵ چەمکی کوردناسی و تۆیژینەوە لە زمان و ئەدەبی کوردی.
مەکەنزی بۆ کۆمەڵانی کورد بەتایبەت کاتێک ناسرا کە مامۆستای نەمر تەوفیق وەهبی چوە شەڕە جەنگی و بە نووسینی وتاری "دوو تەقەلای بەسوود"، هەولی دا بەرپەرچی بۆچوونەکەی بداتەوە کە لەگەل باوەڕ ی باوی کورداندا یەکی نەدەگرتەوە و یەکبوونی زمانی کوردی و مادی نەدەسەلماند.

مەکەنزی لە دوو بەرەی جیاوازدا شەڕی باوەڕی باوی کوردانی دەکرد: یەکەم دژ بە یەکبوونی زمانی مادی و کوردی دەوەستاو دووهەم زاراوە باشورییەکانی زمانی کوردی (هەورامی، زازایی و بە گشتی گۆرانی) لە کوردی بوون دەشوشتەوە و دەیکردن بە فارسی.
سەبارەت بە کیشەی یەکەم دەبی بگوترێ بە داخەوە تا ئێستا هیچ ئاسەوارێک لە زمانی مادی بەدەستەوە نییە و جگە لە چەند وشەیەک کە لە رێگەی زمانە کۆنەئێرانیەکانی دوای سەردەمی مادەوە گەیشتبنە دەست ئێمە، هیچ بەردنووس یا شوێنەوارێکی تر لە بەردەستدا نین کە بتوانرێ بۆ پەسەند یا ڕەت کردنەوەی بۆچوونی ڕەخنەگران یا خود ناحەزانی یەکبوونی ئەو دوو زمانە کەڵکی لێ وەربگیرێت و ئەوی بگوترێ تیرێکە لە تاریکیدا دەهاوێژرێت. بە کورتی نە باوەڕی گشتی کورد و نە ناحەزانی باوەڕ ەکە – یەک لەوانیش مەکەنزی، هیچکام ناتوانن بەڵگەو دەستاوێژ بۆ باسیکی زانستیانەی ئەوتۆ بدەن بە دەستەوە.
ئاشکرایە لەم کیشەیە دا ئەرکی سەرشانی لایەنگرانی یەکبوونی زمانی مادی و کوردی لە ناحەزەکانی قورسترە چونکو ئەوەی وا دیعایەیەک دەکات، هەر ئەویشە دەبی ئیسباتی بۆچوونەکەی خۆی بکات کەلەم کەیسە تایبەتەدا، ئیسبات و پەسەندی مەسەلەکە بە هۆی نەبوونی دەستاوێژەوە شتێکی نەگونجاوە و ئەم کێشەیە ئەگەر هەتا هەتاییش نەبێت بۆ ساڵانی زۆر درێژەی دەبی.

بەڵام کێشەی دووهەم گەلێک جیاوازە و پسپۆرانی زمانەوانی کورد دەتوانن و دەبی دژ بە مەکەنزی و هەرلایەنیکی تر بوەستن کە یەکیەتی گەل و یەکگرتوویی زمانی نەتەوایەتیمان دەبەنە ژێر پرسیار. ئاشکرایە چۆنیەتی ئەو وەستانەش جیگەی سەرنجە. بۆ چوونی نازانستیانە و دەمارگیرانە لە کەس وەرناگیرێ و کورد

دەبی بە چەکی زانست بچیتە شەڕە جەنگی ناحەزان. ئەوەی ڕاستی بێت زاراوە کوردییەکان هەرچی لە باکوورەوە بەرەو باشوور دەکشێن عونسوری هاوبەشیان لەگەڵ زمانی فارسی زیاتر دەبێت و لە سنوورەکانی دوای خانەقین و ئیلام دا ناوچەیەکی خۆڵەمێشی ڕێک دێت کە ئامێتەیەکە لە هەردوو زمان، بەڵام ئامێتەبوون واتای ئەوە ناداتەوە کە ئەم زاراوانە لە کوردی بوون بشۆڕێنەوە و ببن بە فارسی. زاراوە باشوورییەکانی زمانی کوردی چەند سەدەیەک پێش ئیستا لە ڕێگەی زمانی "ئازەری کۆن"ە وە کە زمانێکی ئیرانی و هاوڕیشەی کوردی بوە، لەگەل زمانەکانی لێواری دەریای قەزوین _ واتە گیلەکی و تەبەری هەروەها لەگەڵ زمانی دیملی (زازاکی) هاوسنوور و هاوبنەچەک بوون؛ بەڵام دوای توانەوەو فەوتانی ئازەری کۆن و ویشک بوونی گۆلاوی ئەو زمانە دێرینەیە، هەرکام لە دراوسێکانی لە لێوارێک کەوتنەوە و لەوانی تر داپران.
جا ئەگەر هەورامی و کەلهوری و بەگشتی زاراوەی گۆرانی لە جەرگەی ئەو هەموو ئالۆزی و لە بوارێکی دوورودرێژی مێژوویيدا هاوبەشی و تێکەڵاوییان لەگەڵ زمانی فارسیدا پەیداکردبێت یا پەیوەندیان لەگەل زازاکی و هەندێ زاراوەی تر شل بووبێتەوە، ئەو ئاکامەی لی وەرناگیرێت کەئیتر مافیان بەسەر کوردییەوە نەمابیت و بووبیتن بە فارسی!
ئەم بۆچوونانە و هەربۆچونیکی هاوچەشن لەلایەن کوردانەوە، دەبێ پشتیان بە بەڵگەی زمانەوانی ئەستوور بێت دەنا هەرگیز ناتوانن لە سەرکورسی قەبووڵ دابنیشن و ئاشکرایە زمانەوانی بیانیش لێمان وەرناگرن.

***

من لە ماوەی ساڵانی نیوان 1992 و 1998 لەگەل مەکەنزی ڕەحمەتیدا نامە گۆرینەوەم هەبوو. زۆربەی نامەکان لەسەر بابەتی دەستنوسیکی هەورامی بوون کە لە کتێبخانەی بریتانیا پارێزراوە و مەکەنزی لە ساڵی 1961 دا وتارێکی لەسەر نووسی و تەرجەمەی هەندێ لە شیعرەکانیشی بڵاوکردەوە. من بۆچوونەکانی خۆم لە مەڕ یەکبوونی کەسایەتی مەحزوونی و بیسارانی و ژمارەی شاعیرانی ناوکەشکۆڵەکە بۆ مەکەنزی نووسی و ئەویش بەدڵ فراوانییەوە لێی وەرگرتم. ئینجا کەشکۆڵە شیعرەکەم لە ساڵی 1998 دا چاپ کرد و نوسخەیەکیم بە دیاری بۆ نارد. بۆ چوونەکانی من و هەروەها ئەو سەرەتایەی وا بەڕێز د.ئەمیری حەسەن پوور بۆ کتیبەکەی نووسیبوو ، لە عەینی ڕیزلیگرتندا، بە تەواوەتی دژ بە هەڵویست گرتنەکانی مەکەنزی بوون بەڵام ئەو لەوەڵام دا ناڕەزایی ئەوتۆی دەرنەبڕی و تەنیا گوتی" سەبارەت بە نووسینەکەی دکتۆر ئەمیر هیچ نەڵیم باشترە"(نامەی 1998/4/21 بۆ نووسەر).

هەر ئەو مەکەنزییەی کە وا قورس و قایم لە مەڕ مەسەلەی شێوەزاری گۆرانی و پەیوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەڵوێست دەگرێت و دژ بە بۆچوونی یەکیەتی زمانی مادی و کوردی دەوەستێت، کاتێ بەڵگەیەکی دژ بە بۆچونەکەی خۆی دەست دەکەوێت، بەبێ دەمارگیری و بە دڵی فراوانەوە پەسەندی یەکبوونەکە دەکات.

له وتارێکی کوردتدا، که له‌گۆڤاری قوتابخانه‌ی تویژینه‌وه ڕۆژهه‌ڵاتی و ئه‌فریقیه‌کان" ی سه‌ر به زانستگه‌ی له‌نده‌ندا بڵاوکرایه‌وه، مه‌که‌نزی ده‌قێکی کۆنی دۆعاو پاڕانه‌وه که ده‌گوترێ له‌سه‌ده‌ی پازده‌هه‌می زایینییدا به زمانی مه‌ره‌که‌(مێدی) نوسراوه، ده‌باته‌وه سه‌ر زمانی کوردی و یه‌ک یه‌ک وشه‌کانی شی ده‌کاته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی په‌سندی یه‌کبوونی زمانی مێدی و کوردی بکات(پروانه وه‌رگێڕاوی ده‌قی وتاره‌که له درێژه‌ی ئه‌م باسه‌دا).
به‌م قسه‌یه ده‌مه‌وی بڵێم کورد و ڕووناکبیرانی ئه‌گه‌ر بیانه‌وێ بابه‌تێک به پسپۆرانی زمان و ئه‌ده‌ب و مێژوو له جیهانی ده‌ره‌وی کوردستان بسه‌لمێنن پێویسته به زمانی زانست قسه بکه‌ن. مه‌که‌نزی و مه‌که‌نزییه‌کان له به‌رانبه‌ر بۆچوونی به به‌ڵگه‌و ده‌ستاوێژدا ڕاناوه‌ستن و ناتوانن بوه‌ستن. ئێمه‌ین که ده‌بی بۆ ئه‌و خاڵه سه‌ره‌کیانه‌ی میژوو و ئه‌ده‌ب و زمانمان ڕێبازی زانستی بگرین و دیعایه‌ی بێ به‌ڵگه نه‌که‌ین.
یادی پرۆفیسۆر دوکتۆر د.ن.مه‌که‌نزی وه‌ک دۆستی گه‌له‌که‌مان و پسپۆری زمان و ئه‌ده‌بی نه‌ته‌وایه‌تیمان به‌خیربیت!

له درێژه‌ی ئه‌م وتاره‌دا، وه‌رگێڕاوی کوردی ژیاننامه‌ی مه‌که‌نزی که به‌ڕیز خاتوو "کاڕن مه‌که‌نزی" کچی نه‌مر مه‌که‌نزی نووسیویه‌تی و پاشان سی وتاری مه‌که‌نزی و له کۆتاییدا ئه‌سڵ و ته‌رجه‌مه‌ی نامه‌یه‌کی ئه‌و بۆ نووسه‌ری ئه‌م دێرانه ده‌که‌ونه به‌رچاوی خوێنه‌ر.

1) وتاری یه‌که‌م (زمانی مێدییه‌کان )، له ڕاستیدا ڕوون کردنه‌وه‌ی مه‌که‌نزییه له‌مه‌ڕ وتارێکی "ئـ. شانیدزه" ی گورجی و ڕاست کردنه‌وه‌ی هه‌ڵه‌ی ئه‌و. باس و خواسی هه‌ردوولاش، سه‌باره‌ت به ده‌ستنووسێکی کۆنی سه‌ده‌ی پازده‌هه‌مه- که ئه‌ویش له به‌ر نوسخه‌یه‌کی کۆنتر هه‌ڵگیراوه. نوسخه‌که به زمانی ئه‌رمه‌نی نووسراوه به‌ڵام تێیدا باسی چه‌ندین چه‌شن ئه‌لف و بێی زمانانی تر وه‌ک یۆنانی، سوریانی، لاتینی، عه‌ره‌بی و.... هتد کراوه و ده‌قی دۆعایه‌کی ئایینی مه‌سیحیشی تیدا تۆمارکراوه‌که به فارسی، عه‌ره‌بی، تورکی و "مه‌ره‌کی" یا مێدی نووسراوه. مه‌که‌نزی له ڕوونکردنه‌وه‌که‌ی خۆیدا ده‌ڵی ئه‌و ده‌قه مێدییه له ڕاستیدا کوردییه‌کی بی خه‌وشه‌و له ڕیگه‌ی واتاکردن و هه‌ڵسه‌نگاندنی وشه‌کانیشیه‌وه بۆچوونی خۆی ده‌سه‌لمێنێ.
به‌ڕیز د. کوردستان موکریانی له‌سه‌ره‌تای "فه‌رهه‌نگی کوردستان"ی نه‌مر گیوی موکریانیدا، ئاماژه به هه‌مان ده‌ستنووسی ئه‌رمه‌نی ده‌کات به‌ڵام وا ده‌رده‌که‌وی که بابه‌ته‌که‌ی له‌سه‌رچاوه‌یه‌کی تر - واهه‌یه ڕووسی - وه‌رگرتبێت له‌به‌رئه‌وه‌ی وشه‌ی ماد + مه‌ره‌که‌ی مه‌که‌نزی، به ماد + مار نووسیوه‌و ساڵی 1414 شی بۆ نووسرانی ده‌ستنووسه‌که دیاری کردوه که وردتره له‌وه‌ی وامه‌که‌نزی ته‌نیا به سه‌ده‌ی پازده‌هه‌می ناوده‌بات.
بۆچونی مه‌که‌نزی له‌مه‌ڕ ئه‌م ده‌ستنووسه، واهه‌یه دوو ڕاستیمان بۆ ده‌ربخات: یه‌که‌م، مه‌که‌نزی له سه‌رده‌می نووسینی وتاره‌که‌دا باوه‌ڕی به یه‌کبوونی زمانی مادی و کوردی هه‌بوه به‌ڵام دواتر هه‌ڵویستی خۆی گۆڕیوه.

دووهەم، کەسیکی وەک مەکەنزی بە زیهنیەتی "شکاک"ی ڕۆژئاواییەوە ئەگەر بەڵگەیەکی باوەڕ پیکراوی کەوتبێتە بەردەست کە تەنانەت دژ بە بۆچوونی خۆشی بوویێت، پەسندی کردوە و وەریگرتوە.

2) وتاری دووهەم، ناوی "باجەڵانی" یەوە وەک لە ناوەکەی دەردەکەوێت سەبارەت بە شێوەزاری باجەڵانی زمانی کوردی نوسراوە. وتارەکە، کەمتر توێژینەوەو زیاتر ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەندێ یادداشتە، کە مەکەنزی لە ماوەیەکی کورتی مانەوەی خۆی لە گوندێکی دەوروپشتی مووسڵ هەلیگرتوون.
مەکەنزیش وەک زۆرێک لە توێژینەرانی ڕۆژئاوایی کە بەزمان و ئەدەبی کوردییەوە خەریکن، سەرەتا زمانی فارسی فێربوەو زمانی کوردی لە ڕیگەی فارسییەوە ناسیوە، هەربۆیەش زاراوەی باجەڵانی بە پێوانەی زمانی فارسی پێواوە و بی ئەوەی هۆیەکی بۆ کاری خۆی ڕاگەیاندبیت، چاوگـــــەی کرداره کوردییەکانی هاور ی لەگەڵ چاوگەی فارسیدا هێناون کە خوێنەر هەست دەکات پێداویستیەک بۆ ئەو کاره نەبوە.
من وتارەکەم نزیک بە نۆساڵ پێش ئیستا وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی و هەرئەودەمیش ئیجازەی بڵاوکردنەوەیم لە مەکەنزی خۆی وەرگرتووە کە تازە لە ئاڵمانیاوە گەڕابوەوە بریتانیاو بە خانەنشینی لە شارۆچکەیەکی ناوچەی "وەیڵز" دەژیا.
لە کاتی تەرجەمەدا، بە پیویستم نەزانی واتای ئینگلیزی وشە و ڕستە کوردییەکان جارێکی تر وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی و بە گشتی لەگەل ئەوەدانیم کە دەقی یەکی لە زاراوە کوردییەکان وەربگیردرێتە سەر زاراوەیەکی تر_ بۆ نمونە، ئەو کارەی وا نەمر پیرەمیرد لەگەل شیعری مەولەوی کردوە یاخود هەژاری نەمر لەگەڵ شیعری خانی. ئەم کارە تەنانەت ئەگەر بە شێوەی پەراویز نووسین و واتاکردنەوەش بیت، یەکیەتی و پەکگرتوویی زمانی نەتەوایەتیمان دەباتە ژیر پرسیار. کوردی، کوردییە ئەگەر باجەڵانی یا هەورامییە!

3) وتاری سیهەم، درەنگتر نووسراوە و سەبارەت بە ناساندنی دەستنووسی کەشکۆلە شیعرێکی هەورامییە کە شیخ عبدالموءمن مەردۆخی نزیک بە 220 ساڵ پێش ئیستا کۆی کردۆتەوەو شیعری بێسارانی و 40 شاعیری تری ناوچەی هەورامان، ئەردەڵان و کرماشانی گرتۆتەبەر. دەستنووسەکە لە ناو ئەو پسپۆرە ڕۆژئاواییانەی وا پەیوەندیان بە زمانی کوردییەوە هەیە بە باشی ناسراوەو سەرەتا مێجەرسۆن، ئینجا مینۆرسکی و پاشان مەکەنزی وتاریان لە سەرنووسیوە و نمونەی چەند شیعریان لی وەرگەڕاندۆتە سەرزمانی ئینگلیزی. من ئەو کەشکۆڵەم لە سالی 1998 دا لە لەندەن چاپ کرد و تەرجەمەی کوردی هەرسێ وتارەکەشم کردە پاشکۆی کارەکەی خۆم، بەنامەش نەمر مەکەنزیم لە مەسەلەکە ئاگادار کردەوە *(کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی، گردەکۆیی شیخ عبدالموءمن مەردۆخی، ساغ کردنەوەی ئەنوەری سوڵتانی، ترەستی سۆن بۆ کوردستان، لەندەن 1998)*، من کەماوەیەکی زۆر بە ساغ کردنەوەی کەشکۆڵەکەوە خەریک بووم و لە هەموو وشەیەکی وردبوومەتەوە دەزانم مەکەنزییەکی ئەوروپی کوردی نەزان دەبێ چ ئەرکێکی گرانی بۆ خوێندنەوە و هەروەها تەرجەمەی شیعرەکــان بەڕێوە بردبێت بە تایبەت کاتێ سەرنج دەدەمە

کاری سۆن و مینۆرسکی و هەڵە زەقەکانیان لە بەرانبەر بۆچوونی ڕاست و بی هەڵەی مەکەنزی دادەنێم، ڕێزی کارەکانی مەکەنزی لەلام زیاتر دەبێت . مەکەنزی هەمووچەشنە هەڵەیەکی وتاری سۆن و بەتـــــــایبەت مینۆرسکی بە وردبینیەوە ڕاست کردۆتەوەو تەرجەمەیەکی ڕاست و ڕەوانی شیعرەکانی خستۆتە بەردەستی خۆێنەری ئینگلیزی وتارەکە.

4) ئەم وتارە 34 ساڵ پیش ئێستا پیشکەش بە کۆنفەرانسیک کراوە کە لە سالی 1969 دا بۆ ڕیزگرتن لە کەسایەتی "ڤلادیمیر مینۆرسکی" لە زانستگەی تاران بەڕێوەچوە. مەکەنزی بۆ ناساندنی وتارەکەی خۆی نووسیویە:
"بابەتیکە لە سەر دووشاعیری کورد" و مینۆرسکیش کەسێکە کە "لایەنگریی زۆری کوردی کردووەو گەلێک تۆیژێنەوەی لەسەر مێژوو و کولتوری کورد هەیە."(بروانە دەقی وتارەکە لیرەدا).
وتاری مەکەنزی وردەکاریی زۆری تێداکراوەو هەوڵی زۆر لە پێناو ڕوونکردنەوەی مێژووی ژیانی فەقێ تەیران و بە تایبەت مەلای جزیری دراوە.

5) من کۆمەڵەی 11 نامەی مەکەنزیم پاراستوەکە لەنیوان ساڵانی 1992 و 1998 دا لە ئاڵمان یا "وەیلز"ە وە بۆی ناردوم. نامەکان زوربەیان لە سەر مەسەلەی دەستنووسی کەشکۆڵە شیعرەهەورامیەکەیەو جاروبارەش باسی بابەتی دیکەی ئەدەبی یا میژوویان تێدا کراوە، هەرهەمووشیان لە وەڵامی نامەی مندان. باڵێرەدا ئەو ڕاستییە بدرکێنم کە لەماوەی ئەوساڵانەدا، من وەک قوتابیەکی ئەویندارى شیعرو ئەدەب بەربینگم بە ڕەحمەتی مەکەنزی گرتبوو ئەویش وەک مامۆستایەک وەڵامی پرسیارەکانمی دەدایەوە، واتە من لەو ڕادەیەدا نەبووم کە مەکەنزی ڕووم تی بکات و نامەم بۆ بنووسی. ئەوەش بۆیە دەڵیم کە ئیستاکە ئەو زانا بەنرخە لەناوماندا نەماوە، خۆم نەکەم بە میراتگری و لای خوێنەری کورد خۆم هەڵنەکیشم کەبەڵێ من بووم لەگەڵ مەکەنزیدا برادەری و پەیوەندی نزیکم هەبوو! نەخیر، بە پیچەوانەوە، من لە زۆرخاڵدا بۆچوونی جیا لەو و دژ بەوم هەبوو بەڵام وەک قوتابیەکی کەم زان نامەم بۆ مامۆستایەکی پسپۆر و دڵسۆز نووسیوە و وەڵامم وەرگرتۆتەوە، لەم نامەیەدا کە لیرەدا چاپ دەبێت، مەکەنزی چەند وشەیەکی کوردی بە دەستخەتی خۆی نووسیوە و نیشان دەدات کە توانای نووسین و خوێندنەوەی کوردی هەبوە، هەر ئەوەش مەکەنزی لە زۆر "کوردناس" ی دیکەی ئوروپی جیاکردۆتەوە کە کوردییان نەزانیوە.
یادی پرۆفیسۆر مەکەنزی و هەموو خزمەتکارانی زمان و ئەدەبی کوردی زیندووبیت!

ئەنوەر

# ژیننامەی پڕۆفیسۆر مەکەنزی

نووسینی

**"کاڕن مەکەنزی"**

*بەوپەڕی ریزو سپاسەوە بۆ خاتوو"کاڕن"- کچی پڕۆفیسۆر مەکەنزی، کە وەڵامی داواکارییەکەمانی دایەوە و ئەوژیننامەیەی بۆ ئامادە کردین.*

دەیڤید نێیڵ مەکەنزی [1]
لەندەن 1926/4/8- بەنگۆر [2] 2001/10/13

دەیڤید نێیڵ مەکەنزی ڕۆژی 1926/4/8 لە لەندەن هاتە دنیا. کوری "ئاداهۆپکینز"[3] و "دەیڤید مەکەنزی" بوو- کە ئەمیان کارمەندێکی حکومی بوو. خێزانەکەیان زوو زوو شوێنیان دەگۆڕی و هەربۆیەش دەیڤید نێیڵ مەکەنزی لە "ویندزر"[4]، "ِسلاو"[5] و "کەمبریج"[6] دەرسی خوێند.

دوای قوتابخانە، لەساڵی 1943 دا چوە ڕیزی "کوڕە سەرباز"[7] انەوە ئەویش بە هۆی ئەوەی کە تەمەنی راستی خۆی ڕانەگەیاند. ئینجا دوای تەواوکردنی دەورەی ڕاهینان، وەک ئەفسەریک چوە هیزیکی سوپاییەوە بەناوی "سنوورەوانانی سکۆتلەندیی خودی شا"[8] و گەلیک زوو کرایە بەرپرسی پیاوانێک کە تەمەنیان لەخۆی زیاتربوو. یەکەم جار نێررایە وڵاتی بیرمە و پاشان بەرەی باکووری رۆژئاوا لە چیاکانی قەرەقوروم.
کاتی لە "ئەکادیمیای سوپایی هیند"[9] دەرسی دەخوێند، زمانی هیندستانی فێربوو و ئەوە یەکەمین زمانی ڕۆژهەڵاتی بوو کە خۆی پی ڕاهینا، کاتێکیش نێررایە بەرەی باکوری رۆژئاوا، وەک یەکەمین زمانی ئێرانی، پەشتوویی فێربوو. مەکەنزی هەتا سالی 1947 لەو ناوچەیە خزمەتی تاج و تەختی وڵاتی خۆی کرد و بەم پێیە، یەکێک بوو لەو نەوە بریتانیاییانە وا لە هیندستان زمانی ڕۆژهەڵاتی فێردەبوون. کاتی کە گەڕایەوە بریتانیا، دوای ماوەیەک دوودڵی، چوە قوتابخانەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقیەکان(سواس)[10]، کە لقێکی زانستگەی لەندەنە. لەوی، سەرەتا لەساڵی 1951 دا بە کەلۆری زمانی فارسی و لە ساڵی 1953 دا، ماستەری لە زمانە کۆن و ناونجیە ئیرانیەکان [11] وەرگرت.
بە ماوەیەکی کەم دوای وەرگرتنی ماستەر، بۆ توێژینەوەی مەیدانی لە مەڕ زاراوە کوردییەکان چوو بۆ عیراق و سووریا. لە مانگی ئۆکتۆبری 1954 دا بە قەتاری "ئۆریەنت ئێکسپریس"[12] چوو بۆ ئەستەمبوڵ و لەویو ە هاوری لەگەڵ ژن و دوو منداڵی گەورەتری خۆی چوو بۆ کوردستان، ئەو شوێنەی وا ماوەی ساڵیک لە ناوچە دووره دەستەکانی مایەوە.
لە مانگی دیسەمبری 1957 دا دوکتۆرای بە نامەیەک وەرگرت کە ناوەکەی بریتی بوو لە"هەڵسەنگاندنێکی زاراوەییانەی کوردیی باکوری و ناوەندی."[13] ئەو نامەیە،

درەنگتر بەناوی "دیراساتی زاراوەیی کوردی"[14] یەوە چاپ و بڵاو کرایەوە کە هەتا ئەمرۆش وەک کتێبێکی سەرچاوەیی ماوەتەوە. نامەی دوکتۆرا و ئەو وتارە زۆرانەی وا دواتر نووسینی، بەبێ هیچ گومانێک ئەوەی سەلماند کە مەکەنزی سەبارەت بە زمانی کوردی و زاراوەکانی لە هەموو کەس [ێکی غەیرە کورد] زیاتری دەزانی و زمانەوانێکی بەهرەداربوو. لەساڵی 1955 دا وەک مامۆستا [15] دامەزراو لە ساڵی 1965 دا پلەی بەرز بووەوە و کرایە "ڕیدر" [16] ی زمانەئیرانیەکان. هەتا سالی 1975 لە سواس مایەوە و لەو ساڵەدا داوای لیکرا وەک مامۆستای ئاسایی[17] ببیتە سەرۆکی بەشی زمانەوانی رۆژهەڵاتی، لە زانستگەی "جۆرج _ ئۆگوست"[18] ی شاری "گوتین گن" [19] ی ئاڵمانیا، کە هەتا ساڵی 1994 لەسەر ئەو ئیشە مایەوە و ئینجا خانەنشین بوو.
میراتی گەلێک گرنگی مەکەنزی بریتیە لە تویژینەوە و نووسراوەکانی. لە ساڵی 1960 دا لەسەر ئەدەبی پەشتوو، زاراوەی گۆرانی هەورامان و هەروەها زمانی کوردی نووسی وتویژینەوەی لە سەر "فارسی جولەکانە" و پەهلەوی و سوغدی و خوارە زمی کرد و یەکەم سیستەمی زانستیانەی تۆمارکردنی دەنگی پەهلەوی پێک هینا. مەکەنزی زیاترین هەوڵی خۆی تەرخانی فیرکردنی زمانی جۆربەجۆری ئیرانی کرد. لە ماوەی ژیانی لە "گوتین گن" دا بە بەردەوامی کۆرسی فارسی کۆن و مام ناونجی و نوێ و هەروەها زمانی سوغدی و کوردی بەڕێوە بردو کتێب و وتاری نووسی و یارمەتی کاروباری خەڵکانی تری دا.
وەک مامۆستا، مەکەنزی خوازیاری کاری زۆر [لە قوتابیەکانی] بوو و هەندێ جاریش بە توندی لەگەڵیان دەجوڵایەوە، بەڵام هەمووکات دەیتوانی ئەنگیزە و هۆکاریان تێدا بخوڵقێنێت. کاتی کە برادەر یاخود قوتابیەکانی ناسیاویی زیاتریان لەگەڵ پەیدادەکرد، تێدەگەیشتن کە لە پشت ئەو توندوتیژییانەوە، نەرم و نیانی و خۆشەویستیەکی شێوە کۆن هەیە کە ئیستا کەمتر دەبینرێت.
قسەی حەق و ڕەق و هەڵس و کەوتی بێ پێچ و پەنا لە گۆرەپانی کاری ئاکادیمی دا دژکاری زۆری بۆ خوڵقاند. زۆرکەس لە ڕوانگەی مەکەنزی دەترسان و ئەویش گەلیک جار لە پێناو بۆچوونیکی بەڕی و جێ دا پەیوەندە شەخسییەکانی دەخستە پشت گوی، بەڵام ئەوانەی وا دەیانناسی بە باشی دەیانزانی کە هیچ ئامانجێکی تایبەتی لەو بۆچوونانە نییە.
دەرسەکانی ئەو ڕاستیەیان دەردەخست کە مەکەنزی لە بنەر ەتدا زمانەوان بوو - گەرچی بۆ لایەنەکانی تری بابەتی لێکۆڵینەوەکانیشی شەوق و زەوقی کەم نەبوو. کۆرسەکانی لەسەر بنەمای دەق دەگوتەوەو لەگەڵ قوتابیەکانیدا لەلایەنی زمانناسی و زمانەوانییەوە دەدوا مەکەنزی گەلیک دەربەستی لێکۆڵینەوەکانی بوو و وەک مرۆڤێک سەیری خۆی دەکرد کە لە پێناوی دامەزرانی حەقیقەت یا لای کەم، بۆچوونی زانستیانەی ڕاستدا، خەریکی خەباتە. لە دەرەوەی ژیانی ئاکادیمیشدا مەکەنزی کەسێکی خاوەن پروا و جیددی بوو بی عەدالەتی قەبووڵ نەدەکرد جا کۆمەڵایەتی بوایە یا جیئوپولیتکاڵ فەرقی بۆی نەبوو. پەیوەندیکی بەهیزی لەگەڵ کوردستاندا هەبوو، ئەو شوێنەی وا لە سەردەمی لاویەتیدا ماوەی ساڵیکی لێ مابوەوە و ڕاڕایی نەدەکرد لەوەدا کەلایەنی ئەوانە بگرێت کە پێی وابوو بوونەتە قوربانیی هەڵە-جا کورد بوایەن یا فەلەستینی.
لەساڵانی کۆتایی ژیانی لە گوتین گن دا، مەکەنزی گەلێک جار دەیگوت ئیتر لە دەرس گوتنەوە و هاوکارەکانی و تویژینەوەی ئیرانی وەڕەز بوە. پلانی ئەوەی دانابوو

که به شێیک له ساڵانی خانەنشینی له ناوچەی "وەیلز" [20] [بەریتانیا] و بەشیکی تری له وڵاتی قبرس [21] بباتەسەرو بۆ ئەم ئامانجەش دەستی کردبوو بەخویندنی زمانی یۆنانی نوی و هەروەها زمانی "ویلش"[22].
ساڵی 1996 دوای ئەوەی له کارەساتیکی ترومبیل ڕزگاری بوو، چوو بۆ "ئەنگلسی"[23] بۆ ئەوەی به نووسراوەکانی خۆیدا بچێتەوەو ئامادەی چاپیان بکات و لەسەر زمانی کەمترناسراوی زازایی [24] و قاموسی زمانی خوار ەزمی ئیش بکات(کەبەناتەواوی مایەوە).
له دوایین ڕۆژەکانی ژیانیشدا، دەیقید نێیڵ مەکەنزی به توانایەکی زۆرەوە پلانی دواڕۆژی بۆ خۆی دادەنا. له مەنفا دوورە دەستەکەی ناوچەی "وەیلز" یش ماندوو ببوو و دەیویست بگەڕێتەوە بۆ گوتین گن بۆ ئەوەی دریژە به کاری قامووسی زمانی خواڕەزمی بدات. پلانەکە هەرگیز بەڕێوە نەچوو لەبەرئەوەی که کوت و پر لەمانگی سپتەمبری 2001 دا نەخۆش کەوت و دووهەفتە دواتر، کۆچی دوایی کرد.
(ئەوەی خوارەوە کورتەی ژياننامەکەيەتی):
-پرۆفیسۆر دەیقید نێیڵ مەکەنزی، زماناس
-مامۆستای زمانی کوردی قوتابخانەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقیەکان(سواس)، لەندەن له نیوان ساڵانی 1955 تا 1961
-مامۆستای زمانە ئیرانیەکان له "سواس"، 1961 تا 1965
-مامۆستای زمانە ئیرانیەکان له "سواس"، 1965 تا 1975
-پرۆفیسۆری تویژینەوە ئیرانێەکان(خانەنشین) له زانستگەی گوتین گن له ئاڵمانیا، 1975 تا 1994
-ئەندامی ئەکادیمیای بریتانیا، 1996
-له ژنی یەکەمی واتە"جینا نی شیفیر"[25]، سێ کورو کچێکی بوو. له ساڵی 1978 لێی جیابوەوەو لـــە 1981 بە ڕ ەسمی تەڵاقی دا[26].
-له نیوان ساڵانی 1981 و 1988دا لەگەڵ ژنی دووهەمی واتە "گابریەللا هۆفمەن"[27] ژیا[28].

---

پەراوێزەکان:

(1 David Neil MacKenzie
(2 North Wales ،Bangor
(3 Ada Hopkins
(4 Windsor
(5 Slough
(6 Cambridge
(7 Boy Soldier
(8 King’s Own Scottish Borders
(9 Indian Military Academy
(10 School of Oriental and African Studies (S.O.A.S
(11 Old and Middle Iranian (Languages

12) Orient Express

13) A Dialectological Survey of Northern and Central Kurdish

14) Kurdish Dialect studies

15) Lecturer

16) Reader

17) Ordinary Professor

18) Georg - August University

19) Gottingen، Germany

20) Wales

21) Cyprus

22) Welsh

23) Anglesey

24) نووسەر، زازایی بە "زمان"یکی سەربەخۆ داناوە. ئەوبۆچوونە لەگەڵ بۆچوونی گشتی کورداندا یەک ناگرێتەوە کە زازایی (دیملی) بە زاراوەیەکی زمانی کوردی دادەنێن (وەرگێڕ).

25) Gina (nee Sch Fer

26) لە وڵاتانی ڕۆژئاوا حوکمی تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و میرد، یەک دووساڵ دوای ئەوە دەدریت کە هەردوولا بە کردەوە لە یەک جیا دەبنەوە(وەرگێڕ).

27) Gabriella (nee Hoffman)

28) ئەم وتارە لەسەر ئەساسی دووبابەت نوسراوە کە دوابەدوای کۆچی دوایی مەکەنزی لە دوو بڵاوکراوەی جیاوازدا بڵاوکرانەوە:

یەکەم،

- Carlo Certi،

“From East and West”

(instituto Italiano per L’Africa e L’Oriente)

دووهەم،

- Nicholas Sims William،

“The Independent”

22 Oct. 2001

وتاری یەکەم

# زمانی میدییەکان [1]

پرۆفیسۆر "هـ.و. بەیلی" لە وتاری "قەوقازستان"ی خویدا [2]، سەرنجی خوێنەری بەروە وتاریکی گرنگی "ئـ شانیدزە" ڕاکێشاوە کە بە ناوی "ئەلف و بێی تازە – دۆزراوەی ئەلبانییە قەوقازییەکان و گرنگایەتیەکەی بۆ زانست" لە گۆڤاریکدا چاپ بووە کە بەداخەوە نوسخەی لیرە دەست ناکەوێ.[3]

"ئەم ئەلف و بێ ون بووە"، "ئەبوولادزە" لە دەستنوسیکی ئەرمەنی سەدەی پازدەهەمدا دۆزیویەتەوە کە چەندین ئەلف و بێی هەمەچەشنەی تێدا وەکۆ کراوە: "یۆنانی، سوریانی، لاتینی، گورجی، (قبگر)، عەرەبی و ئەلبانی"
لە هەمان دەستنوسی ئەرمەنیدا، دۆعاو پاڕانەوەی "ئەی خوای پیرۆز! ئەی خوای بەهیز! ئەی خوای نەمر – کە بۆ ئێمە چوویە سەر خاچ! بەزەییت بەسەر زەویدا بیت!"، بەخەت و زمانی جیا جیا پارێزراوە و دەگوترێ دەقی یەکێکیان بە زمانی "مێدی" (مەرەکە) نوسرابیت.دەقەکانی تر بە یۆنانی، سوریانی، فارسی، عەرەبی و تورکی نووسراون.

هەر لە ڕوانینی سەرتاییدا چاوەڕوان دەکری کە" زمانی میدی" واتای زمانی کوردان بداتەوە کە تاقە نەتەوەیەکی بەرچاوی ناوچەکەن وا ناویان (لە دەستنوسەکەدا) ئاماژەی پێ نەکراوە. هەروەهاقسەی شانیدزە دڵنیامان دەکات لەوەی کە "بێ گومان دەقێکی کوردیمان لەبەر دەستدایە". شانیدزە سەلماندوویەتی کە دەستنوسەکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی 15 وا هەیە لە نیوان ساڵانی 1430 تا 1446 دا لەبەر نوسخەیەکی گەلێک کۆنتر هەڵگیرابیت کە (ئەو نوسخە کۆنترە) لە "فیئۆدۆزیا" ی کریمە (قرم)ەوە هێنراوەتە ئەرمەنستان.

بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە کۆنترین شوێنەواری ئەدەبی کوردی وا ئیستا لەبەردەستدا بیت، دیوانی مەلای جزیرییە [4] و واهەیە شاعیرەکەی لە دەوروبەری ساڵی 1480 ی زایینیدا مردبێت. ئەو چەند وشەیە[ی شانیدزە] لەو لایەنەوە بایەخدارە کە دوور نییە کۆنترین (دەقی) تۆمارکراوی کوردیمان بۆ دیاری بکات.
واهەیە کاریکی بەجی بێت لیرەدا هەندێ دەقی دیکەی (دەستنووسەکە) بۆ بەراوردکاری بخریتە بەرچاو.

وەرگێڕاوەکان لەبەر تەتەڵەی ئەو دەقانەوە نووسراونەتەوە کە لەوتاری "شانیدزە" دا نیشان دراون، تەنیا ئەوە نەبی کە هەندێ جار تەرجەمە بە شوێن وەرگێڕاوی شانیدزە دا هاتوون، پیویستە دەربکەویت کە ئایا وەرگێڕاوی سەرەکی و ئەوانەی بە ئەلف و بێی ئەرمەنی نووسراونەتەوە ئاڵ و گۆڕ یان تێدا دراوە یان نا.

**فارسی:**
پئاکئی خودا، پئاکئی تئەپا
نا، پئاکئی بیمەرک، ئەپەر
خاچ، شەدی بەهری ما. رەهـ
مەتئـ کئەن پەرما.
* پاک خدا، پاک توانا، پاک بیمرگ، اور خاچ شدی بهرما، رحمت کن (ا) ورما.

**عەرەبی:**
قەدوس اللّٰه، قەدوس
 ئەلقادر، قەدوس مەیدوخ
ئەلموتئ ئەلەدی عن یێلیب،
ر حمنا.
* قدوس اللّٰه، قدوس القادر، قدوس ما- یخژوهـ (پرخزه) – ال – موپ، الجی انێلب ارحمنا.

**تورکی:**
ئەری تئەنقری، ئەری گوچ
لو، ئەری ئەجەل سیز، ئیساکی
خاچا چختەنک، ر ەحمت
قەلگیل بیزە.
* ئەری تەقری، ئەری گوچلو، ئەری ئەجەل سز، سیزەکی خاچا چختین، رەحمەت گیلقیل بیزە.

**مێدی:**
پاکژ خودی، پاکژ زەهم
پاکژ وی مەرک، کوی هاتئـ
ی خاچی ئەشکرمە، رەحمەت
ئــی مە.

پرۆفیسۆر هیننینگ لەم دواییانەدا6 کەڵکی لە خودی ئەم دەقە وەرگرتوە و بەم شیوەیە وەسفی کردوە:

"دیالیکتیکی باکووری ئیرانە بەڵام لە کۆندا پیشکەوتی زۆری نەبوە".
بیگومان (ئیشتقاق) ی " ئەشکرمە"ی هیننینگ بە واتای "بۆ ئێمە" (ئەژ-کەرد-، بەراوردی بکە لەگەڵ فارسی مۆدیرنی(وشەی) گارپر "ئەچ ئیدکرد" بە واتای "بەم (هۆ)یەوە") بیچمێکە کە لە کوردی باکوور دا بوە بە "ژ بۆمە" یا "بۆنامە"، بەڵام وشەی "هات" واتا کردنەوەیەکی ساکارتر لە "هەڵاوەسراو"ی ئەوی هەیە ("هەخت"ی کۆنتر، بەراوردی بکە لەگەڵ "ئاهیخت"ی فارسی نوی و ...هتد).

بەراوردکردنی عیبارەتی "جۆن"، ژمارە 19، بەشی 20):

1)ئەوژی.....لە کئوکی ئیسا هاتئە خاچئــ کئرن
2) ئەوژیە یسووس لی هاتئە خاچئـ کئرن7.
کە یۆنانیەکەی بریتیە لەم ڕستەیە: "ئەوشوێنەی..کە عیسای لی لە خاچ درا" لەگەڵ مەجهوولی دریژدادڕ لە کوردی ئاسایی باکوردا – بە واتای "هاتە لە خاچدان" نیشان دەدات کەلێرەدا هەروەها فرمانی "هاتن" مان هەیە (ئا-گەتە-). پاکژ، پاقژ بە واتای خاوێن و بی خەوش و "زەخم" بە واتای "بەهیز" وشە گەلێکی ئاسایی کوردی باکورن. بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە دەقەکە دەبێ بەم شیوەیەی خوارەوە بخوینینەوە:

* پاکژ خودێ، پاکژ زەهم، پاکژ وی مەرگ، کوی هاتە خاچی، ئیزکرمە، رەحمەتی مە.

وا هەیە عیبارەتی "ئەوەی لە خاچ درا" بەم شێوە نۆییە تەرجەمە بکرێتەوە: "کویە هاتی5 سەلیب کرنی"، کە تێیدا ئاوەڵناوی ئیشارەی "یە" ئەرکی ئاوەڵناوی نسبی بەڕێوە دەبات (Koye ). وا هەیەو وشەی کوی (koy) ی ناو دەقەکە عونسوری نسبی /ی/ (واتەY) هاوری لەگەڵ لەفزی تابیعی "کو" (ko) یتێدابیت (کە ئەمیان لە فارسی مۆدیرن دا بریتیە لە "کو" (Kw))

---

*پەراوێزەکان:*

-1 D.N.Mackenzie."the Lenguage of the Medians."B.S.O.A.S.VOL.XX11. 1959. PP. 355.
(دەقی ئینگلیزی ئەم وتارە لە گۆڤاری مەدرەسەی تویژینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقیەکان. ساڵی 1959 دا بڵاوکراوەتەوە)
-2 J.R.A.S. 19434
(گۆڤاری ئەنجومەنی پادشاهی ئاسیایی، لەندەن، 1943، ژمارە 4ْ)
-3 Tzvestija lastituta jazyka lstorii; Materialnoj kultury im.akad. Marra Gruzinskogo filliala Akademii Nauk SSSR(Tiflis). 1983
من گەلێک سپاسی پرۆفیسۆر"بەیلی دەکەم کە نوسخەکەی خۆی بە ئەمانەت پێدام.
4- چاپی مارتین هارتمان بە ناوی "دیوانی کوردی شێخ ئەحمەد، بەرلین، 1904.
Ed. Martin Hartmann. Der Kurdische Diwan Des Schech Anmad. Berlin/1904.
5- پروانە علاء الدين سجادی، میژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا 1952. لاپەڕە 155 تا 161.
-6 Handbuch der Orentalstik/Abt. I:Der Nahe und de Mittlere Osten. Bd.Irnistik/ 1. Abdchnitt: Linyuistik. Leiden- Cologne. 1958/78.
7- وەرگێراو لە تەرجەمەی کوردی ئینجیل بە پیتی ئەرمەنی، )BFBS،1(

قسگنگینه، 1857(تەرجەمەی ستیگان ئەرمەنییەکی خەڵکی هەینە (RBS(ii)، Haineh))
قسگنگینه، 1911 (تەرجەمەی جەنابان. ئەمیرخانیان، قازاریان و ئابالاهادیان).

*[سپاسی خاتوو دیمیتریا و کاک سەلاح محەمەدیان دەکەم بۆ تەرجەمەی دەقی یۆنانی و ئاڵمانی نیو وتارەکە.وەرگێڕ]*

وتاری دووهەم

# بـــــــاجەڵان 1

لە نێوان چۆمی دیجلەو مووسڵ و یەکەمین گوندی کوردنشین-بیست مایلیک بەرەو لای ڕۆژهەڵات، باریکە خاکێک کێشراوە کە لە باکورەوە بۆ باشوور نزیکەی چل میل درێژەی هەیە و خەڵکێکی جۆربەجۆر بە چەند چەشنە ئایینەوە تێیدا نیشتەجێن. ئەوانەی لە هەموان کەمتر ناسرابن، سێ فیرقەی "توندرەو" 2 ی موسڵمانن.

یەکەم کەسێک [لە ئوروپییەکان] کە ئەم خەڵکەی خستبێتە بەر لێکۆڵینەوە، قەشە "ئاناستاز ماری" بوە 3 کە لە وتارێکدا بابەتی لەسەر "شەبەک"، "شارلی" و "بەجووران"ی نوسیوە4.
ئاناستاز ماری ئەو "بەجووران" ە کوردانەی...کە "خۆیان بە "ئەڵلاهی" ناودەبەن"، بە دانیشتووی ئاواییگەلی "ئومەرکان"، "تۆپراق-زیارە"، تەل یەعقووب" و "باش پیتە" دەزانی، وەک چۆن گوندی "عەلی ڕ ەش"، یەنگیجە"، "خەزنە" و "تەلارە" بە شوێنی "شەبەک " ناو دەبات. بەڵام لەوەدا کە سەر بە ناوچەی "سنجار" بن، تووشی هەڵەیەکی زەق دێت چون خەڵکەکە لە ڕاستی دا، دانیشتووی هەمان ناحیەی حەمدانییە(= بەرتەللا) و ئاوایی "تۆپراق-زیارە" و گوندەکانی دیکەی"بەجووران" لە شانی ڕۆژهەڵاتی شاری مووسڵ"ن.

زیاتر لە سەدەیەک پیش ئیستا، کلۆدیوس جەیمز ریچ"5، کوردی "بەجیلان"6 ی لەسێ گوند بینیوە، کە ئەوگوندانە، چەند دەرزەنە مایلێک کەوتوونەتە لای باکورو ناویان "کانی ماران"، ئیمام فەچلە" و "بەعویزە" بووە.
ئۆسکارمان 7 ناوچەکەی لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا بینیوە و لیستەی ناوی یازدە گوندی پێک هیناوە، کە لە "فەچیلە"ی باکورەوە تا"ئارگەجی" و "گویگجەلی" لە باشور کشاون و "تیلارە" و "باویز"یش دەگرنە بەر و دانیشتووانی هەمووشیان باجەڵانن.
"مان" دەسبەجی ئەوانی وەک خەڵکێک ناسیوە کە لە پەیوەندی باجەڵانیەکانی ناوچەی قەسری شیرین - زەهاودان.

کتێبێکی تازە لە سەر "شەبەک"ەکان نوسراوە و دانەرەکەی "احمد حمید الێراف"8 وا دیارە زیاتر چووبیتە باسەکەوە بۆ نموونە، "تۆپراق-زیادە"(کذا)، "باشبیشە" (کذا) و "بەعویزە"ی وەک گوندی خالیسی شەبەکەکان ناوبردون.
ناتەبایی نیوان قەشە ئاناستاز و ئۆسکارمان، واهەیە ئاکامی ئاڵ و گۆڕ ی زەمان بیت. من، دوور لە ناوچەی بەری ڕۆژهەڵاتی "جبل مقلوب" گوندیکم لە بەشی کوردنشین دا بینیوە کە ئیستا "شەبەک" ی تێدا دەژین. "الێراف" زمانی "شەبەک" بە تێکوڵاوێک لە کوردی، فارسی، عەرەبی و تورکی دەزانێ و پیش ئەویش قەشە ئاناستاز هەروای داناوە.

سەبارەت بە "باجوان"ی دراوسێشیان دەڵێ: "سوننەن و خۆشەویستیەکی لە رادەبەدەر نیسبەت بە ئیمامی عەلی نیشان دەدەن، زمانیشیان لە شەبەکی زۆر نزیکە بەڵام کەمێک جیاوازی یان لە ناودایە."

نەخشەیەکی تازەی دەوڵەتی عیراق، مۆری "شەبەک"ی بە سەر هەموو ئەو گوندانەوە داوە کە لە سەرەوە باسمان کردن "شارلی"ش، لە باشوورتر لە سەر لیواری زابی گەورە، ناوچەیەکی زۆر بچووکی داگرتوە، کە "باجوان"ی نێونراوە و لە ناوچەی "کانی ماران"دایە.

ئێستا، خەڵکی ئەو ناوچەیە، لای دراوسێکانیان بە گشتی وەک "شەبەک" دەناسرێن و "ئیش مەکەرۆ" راویژیکی زۆر ناسراویانە. شەبەک، زۆریان لە باکوری عیراق چەرچی و گەرۆکن، وەک ئامۆزا هەجیجییەکانیان لە هەورامان (اورامان) دەشچنە دەشتاییە دوورەکان.
جیاوازی فیرقەیی لە نێوان شەبەک و شارلی و باجەڵان دا هەر ئەوەندە ئاڵۆزە کە پرسیار لە مەر شوێنی دابەش بوونیان. هەرچۆنیک بێت نیشانە گەلێکی کەم بەدەستەوەن کە وا دەگەیێنن هەرسێکیان پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ زاراوە ئێرانیەکاندا هەیەو ڕەنگە لە بنەڕەتی ر ەگەزی ئێرانییەکانیش بن.

سپاس بۆ مێوانداریی جەنابی ت.هـ.گیلسۆن )(H.B.M 9 یارمەتیدەری قونسوولی ئینگلیز لە مووسڵ کە دەرەتانی پێدام بە چاوپێکەوتنی گوندی "ئاریاچی" و وتوویژیکی خۆمانە لەگەڵ سێ گوند نشین، کەڵکی تەواو لەو چەند سەعات وەختە وەربگرم وا لە هاوینی ساڵی 1955 بە ناچاری لە شارەکەدا مابوومەوە.

بۆچوونی گوند نشینەکان بایەخی گێرانەوەیان هەیە. دیعایەی ئەوەیان دەکرد کە عەرەب و سەر بەهۆزی (طەی) Tay بن کە نزیکترین دراوسییانن لەوپەڕی چۆمی دیجلە.
جل و بەرگی "شەبەک" ەکان بە تەواوەتی عەرەبی و لە جل و بەرگی کوردی جیاواز بوو. خۆشیان بە "بەجڵان" ی خەڵکی "بەجلەنستان یا بیجوان دەزانی کە عەرەب دەیگۆڕن و دەیکەن بە "باجوان". لەوەش زیاتر، گوتیان کە "سوننی" ن بەڵام چەند شیعەیەکیش لە گوندەکەیاندا هەن.

یەکەم کەس کە زانیاری پێدام، "قاسم ڕەشید" گەنجێکی میهرەبان و یارمەتیدەربوو کە خزمەتێکی بی چاوەروانی کردو سەرەر ای ئەوەی لەگەڵمدا هاتە سەفەر، پارەشی لی وەرنەگرتم. بۆچوونەکانی ئەو لەمەڕ "شارلی" تەنیا شتێکن کە دەتوانم باسیان لیوە بکەم.
زمانەکەیان- ئەو گوتی، "لە هی شەبەکەکان گەلێک قورس ترە" و نیازی لە زمانی خۆی بوو.
کاتێ کە ئەوانی بە "شیعە"یەک ناساند وا سروشتی داسنی- واتە ئێزدی یان هەیە، شێوەی ڕوخساریشی دەمارگیری تێدا دەبینرا (لەم ناوە ناسراوە - داسنی یەش، نیازی "تەحسین بەگـ " ی پیشەوای ئاینیی ئێزدییەکان بوو). سەبارەت بە "لیلە الکفشە"10 ش کە قەشە ئاناستاز باسی کردوە، گوتی "دوای مانگی

محەررەمە". "کەفشە"شی بە ئیشارەیەک دەزانی کە دوور لە تیگەیشتن بیت و بگەڕ یتەوە بۆ گرچیک وا لە پەژارەو خەمدا هەڵ دەکەندری.

ئامانجی سەرەکی لە نووسینی ئەم وتارە، بریتییە لە چاپی ئەم کۆمەڵە یادداشتە زمانەوانییانەی خوارەوە، کە هەموو لە نزیکەی پێنج سەعات دا کۆ کراونەتەوە. سەرەڕای کورتی و ناتەواوی یان، ئەم یادداشتانە دەتوانن لە خزمەت دەوڵەمەند کردنی یادداشتە پوختەکانی"مان" لە مەڕ "باجەڵانی " خورساباد دابن کە دوای کاری هەمەلایەنەی هەدانک11 لە سەر نوسراوەکانی "مان"، ئیتر نووسینی پەراوێزو تەفسیری تازەتر لەسەریان، بەشتیکی زیادی دەزانری.

هەرچۆنێک بێت، ئێستا دەرفەتێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنج بەرەو کەم وکووریی یادداشتە ر است و دروستەکانی مان – ئەویش ئەو ڕاستی یە یە کە لە هیچکام لە دەقەکان (چ کوردی و چ هیتر) دا، جیاوازی لە نێوان پیتی /ر/ و /ڕ/ دانەنراوە مەگەر جاروبارە /rr/(واتە دوو دانە پیتی ڕا) لە جیاتی دووهەمیان هاتبێ.

**نـاو:**

*لە ڕێگەی زیادکرانی / l/ (/y-/)، حاڵەتێکی ناڕاستەوخۆی ناو و ڕاناو وەکوویەک دروست دەبێ:

-1 قەساب پەزی کارد مۆرنۆ = قەساب بەکێرد مەڕ دەکووژێتەوە.

* "-گەل" وەک نیشانەی کۆ لە کۆتایی (ناو و ڕ اناو) دا دەبنرێ: ئی تشتگەلە.

* دوای ژمارەی سەرەکی و هەندێ ئاوەڵناوی ژمارەیی دا، ناوەکان پاشگری /-ە/ بەخۆیانەوە دەگرن:

دووە / فرە زەلامە واتە دوو کەس یا کەسانیکی زۆر.

**ڕاناو:**

کەسی:

تاک 1) ئەمن، /-م/ 2 ئی تشتگەلە، پشت هین ئەمنیەن.

2) ئەتوو، /-ت/......هین ئەتوویەن

3) -ش.........هین ئەویەن

کۆ 1) ئیمە(هیمە) ما(ن)........هین ئیمەیەن

2) ئیشمە، - تا(ن)........هین ئیشمەتەن

3) ئیشان، - شا(ن)... هسن ئیشانیەن

خۆ: هی- (3) ئەمن ماریش چنی هیم (= من لەگەڵ خۆم دەی هینم)

ئیشـاره:	ئەوە: ئینە (4) ئینە کیتابەن
ئەوە:ئوونە (5) ئوونە چیشـەن؟
یادداشـت (6) هاونەش (=ئەوەتا)
ئەوانە: ئینگەلە (7) ئینگەلە وەک شـورگیە نی (= ئەوانە پۆلیسـن)

ئاوەڵناوی ئیشـاره:

ناو، بە دوای ئاوەڵناوی ئیشـارەی ئی و ئوو دا، پاشـگری نیشـانەی /-ـە/ دەگرن.
(8)ئی قەڵەمە هین ئەمنیەن
(9)ئوو زەلامە، بابۆمەن
واوی دەچی کە پاشـگری "ی" ی "ئـی" لەگەڵ هەردوو پاشـگری ئاوەڵناوی ئیشـارەو مڵکی دا ، بۆ ژنان بیتە گوتن:
(10)ئی کناچە، کناچیمەن.
- ئەیە (پڕوانە ژمارە 61 لە خوارەوەتر) وی دەچی ببیت بە ئی لە:
(11)ئی کوڕ ە، کور یمەن.
(12)ئی یانە هین بابۆمەن.
کاتی پاشـگری ڕ اناوی ئیشـاره و کۆتایی ناڕاسـتەوخۆی کەس پیکەوە بین، زۆر جار، یەکیکیان فڕ ی دەدری
(13) ئی زەلامەی چینی هیت بارە
ئی کور ەی چنی هیت بارە
ئی کناچی چنی هیت بارە

کار:

کۆتایی کەسـی لە زەمانی حازردا، بریتین لە:
تیپەڕو تینەپەڕ: تاک 1)-ئی(-ی) کۆ 1) – ی
حازر: تاک 2)-ئی (-ی) کۆ 2)-ئی
تاک 3)-ئوو کۆ 3)-ئان
پاشـگری ڕاناوی ئەگەر لەگەڵ ڕابوردووی کاری تیپەڕ دا هاتبی(جیا لە تاکی ژمارەی3ی سـەرەوە)، لە کاراکتەری کەسـی کۆتایی زیاد دەکری و لە زەمانی ر ابردووی کاری تینەپەڕ یشدا دیتە بەرچاو.
لەم شـکڵەی دوایی دا، بە هەرحاڵ،پاشـگری-ئی(-ی)ش هەردەگوتری بەم شـیوەیەی خوارەوە:
رابردووی تینەپەڕ: تاک 1)ییم (-یم) کۆ 1)-ینیان
تاک 2)-ییت کۆ 2)-یتیان
تاک 3)- کۆ 3)-ییشـان
/ی/ ی نادیار لە ر ەگی حازری کاری تیپەڕ دروسـت دەبی. ر ەگی حازری نادیار، پاشـگریکی /- ن/ ی زیادییش دەگریت و دەبێتە "-ینی" (ژمارە 202 و هتد...).

له كاری  ر ابوردووی نادیار و "هاتن" وەک  یارمەتیدەریكی  نادیار، پاشگری تینەپەڕ ی /ی/ هاور ی  لەگەڵ  كۆتایی كەسیی، بەشیک رابوردوو   و بەشیک حازر دیت.
رابوردووی نادیار:          تاک          1) ییم      كۆ          1) -  ییمی
2)؟                    2)؟
3)-                   3) (ی) ی

 بەراوردی 3ی كۆ /-ی/ بكە لەگەڵ  3ی لیکدەر(47 ی خوارەوە).
پیویستە مەجهول   نادیار لەگەڵ "هاتن" وەک یارمەتیدەر، بەراوردبكریت لەگەڵ چۆنیەتی دروستكردنی لە زاراوە دراوسیكانی كوردی باكووریدا، بۆنمونە: "هاتنە كوشتن" (بروانەژمارە 214 و 215 ی خوارەوە).
پیشگری /ئو/ لە "ئوكەردم" (179)دا، بەراورد بكە لەگەڵ   زاراوەكانی  دیكەی كوردی   وەک "پەكرن" لە كوردی باكوریدا و "كردنەوە"لە كوردی ناوەندیدا. بەڵام چۆنیەتی پیكهاتنی"تیتوو" (155)، "كەتوو" و ئاوەڵناو، "سەوزوو"(59 و هتد) روون نییە.
*
ئەم نموونانەی خوارەوە بۆ نیشاندانی "چاوگە" بە گویرەی ئەلف و بی ی  نوی ی فارسی  پیكهینراون:

<u>كاری تینەپەڕ:</u>

* كەوتن(افتادن):
حازر:
تاک1)مەگنی
من دەكەوم
2)مەگنی     (14)ئەتووچی مەگنی          تۆش دەكەوی
3)مەگنوو  (15)موكوبوگنو          ئەودەكەوی

فرمان:
تاک  2)بگنە!          بكەوە
رابوردوو:
تاک     1)كەتم
2)كەتیت
3)كەت،كەتۆ

*هاتن(آمدن)

تاک 1)مەی (16) بەڵی مەی چنیت بەڵی لەگەڵت دیم
2)مەی      (17)سارە نمەی چنیم؟          سبەی لەگەڵم نایەی؟
3)مەیو      (18)ئید مەیو چنیما     لەگەڵمان دیت
 (19)فراهورمم مەیو          زۆرم خەودێ
فرمان:

تاک 2)بو (22)بوچنیم لەگەڵم وەرە
کۆ 2)بوی (23)بوی چنیما لەگەڵمان وەرە
رابوردوو:
تاک 1)ئامایان (24)نازانم وارد و ئامایم
(25)ئوزیرە چەلەتان ئامایم دوینی هاتم بۆ لاتان
2)ئامایت (26)چ کا من ری ئامایت؟
3)ئاما (27)تیدچ شار ئاما لە شار( مووسڵ)ەوە هات
(28)تیدئامانەکوشتە کووژرا
کۆ 1) ئامایمان (29)چ ئار گەچی ئامایمان
2)ئامایتان (30)چە کاتە ئامایتان؟ لەکویوە هاتن؟
(31)ب خیر ئامایتان
3)ئامایشان(32) چ شار ئامایشان لە مووسڵەوە هاتن.

*بوون(بودن)
لیکدەر:
تاک1)-نی (33)ئەمن ئیستا چندانی من ئیستا لیرەم
2)-نی (34)چکەتانی؟
لەکوی ی؟
(35)ئەتۆ کینی؟ تۆ کی ی؟
3)-(ـە)ن (36)چکەتان؟ لەکوی یە؟
(37)ئید کین؟ ئەو کی یە؟
(38)یانگاش چ ئاکرەن ماڵی لە عەقرەیە
(39)دنیا چ مەحەلەن؟ چ وەختە؟
(40)نامش چیشەن ئی بەلەدە؟ ئەم شارە ناوی چی یە؟
(41)هەورامەن برسیمە
(42)هەمرامەن هاوریمە
(43)چقەسەوزەن چەن سەوزە!
کۆ 1)-(ئـــ)نمی (44)چندانمی لیرەین
(45)هیماننمە ئێمەین
2)-نی (46)چندانی تۆ لیرەی
3)-(ـە )نی (47)ئیشانگەلە لە کینی چندا نشتەنی؟ کین لەوی دانیشتوون؟
(7) ئینەقلە شورتیەنی پۆلیسن
نەری:
تاک 2) نەوەنی (48) هەورانەوەنی؟
برسیت نی یە؟
3)نەوەن (49)تەشنەم نەوەن توونیم نی یە
(50) هەورات نەوەن؟ برسیت نی یە؟

(51)ئی تشته چیانگەهیش نەوەن ئەم شته له شوێنی خۆیدا نییه
حازر:
تاک 1)مەبی (52)دووەسه ڕۆیەچی مەبی عەریف دووسی ڕۆژدیکه دەبم به عەریف
2)مەبی (53)نەء، ئەتۆ نمەوی (کژا) نا، تۆنابی
3)مەبۆ (54)موگۆ سەوز ببۆ شین دەبی
(55)خەیلەسەوز مەبۆ دەغڵەکه شین دەبی.
**فرمان:**
تاک 2) به
رابردوو:
تاک 1) بم (56)ئوزیره ئەمن چ ئەکرەبیم دوینی له عەقره بووم
2)بی (57)ئوزیره ئەتوو چەتامابیت دوینی تۆ لەگەڵ ئێمه بووی
3)بی (58)کارما هەبی کارمان بوو
کۆ 1)بیمان (59)خەیلی سەوزوو بی خەڵه سەوزبوو
2)بیتان
3)بیشان
تەواو:
تاک : 3)بیەن (60)هەما سەوزوو نەبیەن هیشتا شین نەبوه
(61)ئی حەدیقەیه سەوزوو بیەن

*(ترسیدن) ترسان
حازر:
تاک 2)مەتەرسی؟ دەترسی؟

*(برخاستن) هەستان
حازر
تاک 1)مورزی (62)ئیستا موزری مەڵی یانه ئیستا دەبی هەستم بچمەوە ماڵی
2)مورزی
3)مورزوو
فرمان:
تاک 2)ئورزه هەسته
کۆ 3)ئورزی (63)ئورزی تا بیلمی یانه هەسته باپڕۆینەوە ماڵی
رابوردوو:

تاک 1) ئوزرایم (64)ئەمن ئورزایم لوایم یانە هەستام و چوومەوە ماڵی
2)ئورزایت
3)ئورزا (65)ئوریزا ئورزا لوا دوینی هەستا و ڕۆیی

*(خفتن) خەوتن

حازر:
تاک 1)مۆسی (66)ئیستا موگو بۆسی
ئیستا دەبی بخەوم
2)مۆسی
دەخەوی؟
3)مۆسۆ (67)ئیدفرامۆسو زۆر دەخەوی
کۆ 1)مۆسمی (68)ئێمە نمەتاوی بۆسمی ناتوانین بخەوین
2)مۆسی
3)مۆسان
فرمان:
تاک 1)بۆسە
کۆ 2)بۆسی
ڕابوردوو:
تاک 1)هوتیم
خەوتم
2)هوتیت (69)خاش هوتیت؟ تۆ بەباشی خەوتی؟
3)هوت
کۆ 1)هوتیمان
2)هوتیتان (70)خاش هوتیتا؟ ئیوە بەباشی خەوتن؟
3)هوتیشان
تەواو:
تاک 3)هوتان (71)ئوزەنە چکەتە هوتەن ئەوژنە لە کوی دەخەوی؟
*(رفتن) چوون
حازر:
تاک 1)مەلی (72)ئەمن مەلی شار دەچم بۆ مووسڵ
(73)موگو بلی شار دەبی بچم بۆ مووسڵ
2)مەلی (74)کاتە مەلی؟ دەچی بۆ کوی؟
3)مەلو (75)ئینە کە تە مەلۆ؟ دەچی بۆ کوی؟
کۆ 1)مەلمی (76)سارزی مەلمی شار سبەینی دەبی بچین بۆ مووسڵ
(77)بلمی سەرئی تەپی با بچینە سەر ئەم گردە
2)مەلی (78)ئیشمە کەتە مەلی؟ دەچی بۆ کوی؟

3)مەلان (79)ئیشان کە تەمەلان؟ ئەوان دەچن بۆ کوی؟
فرمان :
تاک 2) بلە
کۆ 2)بلی
رابوردوو:
تاک 1)لوایم (80)ئەمن لوایم من چووم
2)لوایت (81)ئوزیرە کە تەلوایت؟دوینی چووی بۆ کوی؟
3)لوا (82)ئیدلوا ئەو چوو
کۆ 1)لوایمان
2)لوایتان
3)لوایشان
*(بیرون رفتن) چوونە دەری
حازر:
تاک 1)مەبەرشی (83)موگوبەرشی دەبی بچمە دەری
رابوردوو
تاک 1)بەرشایم

*(برگشتن)گەرانەوە
حازر:
تاک 1)ئورگیلی دەبی بگەریمەوە
رابوردوو
تاک 1)ئورگیلای (بەمەزندە) من گەرامەوە
*(ماندن) مانەوە
حازر:
تاک 1)مەمانی (84)نمەمانی نابی بمینمەوە
2)مەمانی (85)چەندڕۆیەچی چندامەمانی؟ چەندڕۆژ لیرە دە میینەوە؟
3)مەمانۆ (86)ئید موگو بومانۆ ئەودەمینیتەوە
فرمان:
تاک 2)بمانە
رابوردوو:
تاک 1)مەندیم (87)ئەمن هافت ڕۆ یە چ شارمەندم من حەوت ڕۆژان لە مووسڵ مامەوە
2)مەندیت (88)چکە تەمەندیت؟ لە کوی مایەوە؟
3)مەند (89)ئی ئادەمەساڵی چ عوراق مەندۆ ئەم پیاوە ساڵیک لە عیراق مایەوە
(90)چەدمامەندۆ؟ بەجی ما
(91)ریت مەندۆ رووت مایەوە

کاری تیپەڕ

*(انداختن) = خستن
حازر:
تاک 1)مۆرنی (92)موگۆ وەرنیش دەبی بیخەم
2)مۆرنی (93)مەتاوی وەرنیش؟ دەتوانی بیخەی؟
3)مۆرنۆ (1)قەساب پەزی کاردمۆرنۆ قەساب مەر دەکووژیتەوە
رابوڕدوو:
تاک 1)وەرنا-م (94)مەیم کارد وەرنا مەر یکم کوشتەوە
(95)ئی کە مەرەم وەرنا ئەوبەردەم فر ی دا

* (اوردن) = هینان
حازر:
تاک 1) ماری (3)ئەمن ماریش هیم دەبی لەگەڵ خۆم بهینم
2)ماری
3)مارۆ
فرمان :
تاک 2)بارە (96)ئوونەی بارە ئەوە بینە
(13)ئی زەلامەی چنی هیت بارە ئەو زەلامەلەگەل خۆت بینە
رابوردوو
تاک 1)ئاورد-م (97)ئەمن قاسم چنی هیم ئاورد من قاسمم لەگەڵ خۆم هینا
2) -ت (98)چیشت ئاورد؟ چیت هیناوە؟

*(بردن) بردن
حازر:
تاک 1)مەبەری (99)موگۆ بەریش من هەڵی دەگرم
(100)نمەبەریش هەلی ناگرم

رابوردوو:
تاک 1)بەرد-م (101)بەردم یانە بردمەوە ماڵەوە

*(بریدن)برین:
حازر:
تاک 1)مەبری (102)موگۆ ئی قاقەتەببری دەبی ئەو کاغەزە ببرم
2)مەبری (103)مەقەیەدبە دەستی هیت نەبر ی

3)مەپرۆ (104)قاچی قاقەت مەپرۆ مقەست کاغەز دەبر
ی
رابوردوو:
تاک 1)بری –م (105)کلکم بر ی قامکم بر ی

*(توانستن) توانین:
حازر:
تاک 1)مەتاوی(106)نمەتاوی بوانی ناتوانم بخوینمەوە
2)مەتاوی (107)ئایا نمە تاوی؟
(108)مەتاوی بوانی؟
3) مەتاوۆ (109)مەتاوۆب شەبەکی قسەکەرۆ دەتوانی بە شەبەکی
بدوی
رابوردوو:
تاک 1)تاویم (110)پار ئەمن نەتاویم، ئیساڵ مەتاوی
پار نەمتوانی، ئەمساڵ دەتوانم

*(خواستن)ویستن:
حازر:
تاک 1)موگۆم (111)موگۆم بزانی دەمەوێ بزانم
2)موگۆت (112)نمەگۆت بزانی؟ ناتەوی بزانی؟
3)موگۆش(113)موگۆش بزانۆب زوانی شەبەکی دەیەوی
شەبەکی بزانی
رابوردوو:
تاک1) گیام (114)ئەمن نەگیام ئی کارەبۆ نەمدەویست ئەم کارە ببی
گیم ئەمن نەگیم.......
3)گیاش (115)ئیدگیاش ئی کارە کەرۆ دەیویست ئەم کارە بکات

*(خواندن)خویندنەوە:
حازر:
تاک 1)مووانی (116)ئەمن ئی قاقەتە موگۆ بوانیش دەبی ئەم
کاغەزە بخوینمەوە
2)مووانی(117)ئەتۆ مەتاوی بوانی؟ دەتوانی بخوینیەوە؟
3)مووانۆ (118)ئیت کیتاب موانۆ خەریکە کتیب دەخوینیتەوە
رابوردوو:
تاک 1)واندم (119)واندم خویندمەوە

*(خوردن) خواردن و خواردنەوە
حازر:
تاک 1)مۆری (120)ئەمن چای نمۆری چایی ناخۆمەوە
2)مۆری (121)ئەتۆچیش مۆری؟تۆ چی دەخۆی؟
(122)ئایا نمۆری تۆ بۆ ناخۆی؟

(123)ئەگەر نۆری، مەپیکیت ئەگەر نەخۆی، لیت دەدەم
3)مۆرۆ (124)ئید(ئی)چای مارۆ خەریکە چایی دەخواتەوە
کۆ 1)مۆری (125)ئێمە چای مارمیئێمە چایی دەخۆینەوە
2)مۆری (126)ئیشما چیش مۆری؟ ئیوە چی دەخۆن؟
3)مۆران
فرمان:
تاک 2)بۆرە (127)فرە نۆرە! زۆر مەخۆ!
2)بۆری (128)چای بۆری! چایی بخۆن!
رابوردوو:
تاک1)وارد-م(129)نانم وارد
(130)سیرم وارد تیرم خوارد
2)وارد-ت(131)چیشت وارد؟ چیت خوارد؟
3)وارد-ش(132)چیشش وارد ئەو، چی خوارد؟
کۆ 1)وارد-مان (133)سیرما وارد تیرمان خوارد
2)وارد-تان(134)سیرتا وارد؟ تیرتان خوارد؟

*(داشتن)خاوەن بوون:
حازر:
تاک 1)داری (135)هیچ کار نەداری هیچ کاریکم نی یە
(136)ئەمن هائیککە داری تەنیا یەکیکم هەیە
2)داری (137)چەند ئاویلە داری؟ چەند منداڵت هەیە؟
(138)ئەتۆ چەندە کیتا بە داری؟
(139)چ کارە داری؟ ئیشت چی یە؟
3)دارۆ (140)چ کارە دارۆ؟ ئیشی چی یە؟

*(برداشتن) هەڵگرتن، بەرزکردنەوە
حازر:
تاک 1)موداری(141)موگۆ ئوداری دەبی هەڵی بگرم
2)موداری
3)مودارۆ (142)ئیدمەتاوۆ ئی میزەی ئودارۆ ئەو دەتوانی ئەم میزە بەرز کاتەوە
فرمان:
تاک 2)ئودارە! (143)ئی میزە ئودارە(بەرزکەرە)! ئەو میزە هەڵگرە(بەرزی کەرەوە)
رابوردوو:
تاک 1)ئوداریم(144)تودارتیم هەڵم گرت

*(دانستن) زانین
حازر:
تاک1)مەزانی (145)نمەزانی باچی نازانم بڵیم چی

(146)موگۆن بزانی دەمەوی بزانم
2)مەزانی
3)مەزانۆ (147)هەمرات موگۆش بزانۆب زوانی شـەبەکی هاوریکەت گەرەکیە شـەبەکی بزانی
کۆ1)مەزانمی
2)مەزانی
3)مەزانان(148)هیچ نمەزانان ئەوان هیچ نازانن
فرمان:
تاک 2)بزانە!
رابوردوو:
تاک 1)زانیم(149)ئەمن ئی شـکڵەم زانی من بەم شیوەیەم زانی

*(دیدن) دیتن
حازر
تاک1)مەتی(150)سـارەیانەت مەتی / موگۆبتی سبەینی دەبی ماڵەکەت ببینم
2)مەتی (151)هۆریم مەتی تۆ خەون دەبینی
3)مەتۆ
فرمان:
تاک 2)بتە!
رابوردوو:
تاک1)تیتم (152)ئەمن زەلامیم تیت پیاویکم دیت
(153)هۆرمم تیت خەونم دی
(154)ئوزیرە هۆزتان تیتم دوینی گوندە کەتانم دیت
2)تییت (155)ب هورمۆ چی شـت تیتۆ؟ خەونت بەچیەوە دی؟

*(زدن)لیدان
حازر:
تاک 1)مەپیکی (156)موگۆ پیکیت دەبی لیتدەم
(123)ئەگەر نۆری مەپیکیت ئەگەر نەخۆی، لیت دەدەم
فرمان:
تاک 2)پیکە! (157)ئی کور ە پیکە! بدە لەم کور ە!
رابوردوو:
تاک1)پیکام (158)ئەمن پیکام لیم دا
3)پیکاش (159)ئید/ئەوئەمنش پیکا ئەو لی ی دام
کۆ3)پیکاشـان (160)پیکاشـانەرەم ئەوان لی یان دام

*(کتک زدن) لیدان
حازر:
کۆ1)مەکۆیمی (161)مەکۆیمیش لی ی دەدەین

رابوردوو:
کۆ1)کۆیامان (162)کۆیاما لیمان دا

*(شستن)شۆردن، شتن
حازر:
تاک 1)مەشۆری(163)ئەمن موگۆ دەزپەلم بشۆری دەبی دەستەکانم بشۆم
رابوردوو:
تاک 1)شوشتم(164)سەرەهیم شوشتم حەمامم کرد (سەرم شۆرد)
تەواو:
تاک 1) (165)شوشتەنم شۆردوومە

*(کردن)کردن:
حازر:
تاک 1)مەکەری (166)یازمیز مەکەری خەریکم دەنووسم
(167)هیچ نمەکەری هیچ ناکەم
2)مەکەری(168)چیش مەکەری؟ تۆ چی دەکەی؟
3)مەکەرۆ (169)ئیـ (د) چیش مەکەرۆ؟ ئەو چی دەکا؟
(170)ئی زەلامە چ کارە مەکەرۆ؟ ئەم پیاوە چی دەکا؟
کۆ1)مەکەرمی(171)چیش بکەرمی دەبی چ بکەین؟
2)مەکەری(172)چیش مەکەری؟ تۆ چ دەکەی؟
3)مەکەران(173)ئیشان چیش مەکەران؟ ئەوان چ دەکەن؟
فرمان:
تاک 2)کەرە!(174)چ ئیدی پسیارکەرە! لەو پرسە!
(175)ئی کارە کەرە! ئەوە بکە!
2)کەری!
رابوردوو:
تاک 1)کەردم(176)قاقەتم یازمیز کەرد نامەم نووسی
تەواو:
تاک1)(177)مەلاییم مەکەردەن ئەم خویندووە(لای مەلا یان مامۆستایەک) {؟ْ}

*(باز کردن)کردنەوە:
حازر:
تاک1)مۆکەری (178)ئی بەندەمۆکەری ئەم گری یە دەکەمەوە
رابوردوو:
تاک1)ئۆ کەردم(179)ئۆ کەردم کردمەوە

*(جررت کردن) وێران:
حازر:
تاک1)مەیاری(205)نمە یاری بلی ناویرم پڕۆم (بچم)
3)مەیارۆ (210)نمە یارۆ بلۆ ناویری بچی (بر وا)

*(کشتن) کوشتن:
حارز:
تاک1) موکشی (180)موگۆ ئیدی بوکشیش دەبی بیکووژم
(181)ئەمن ئینەی موکشی دەبی بیکوژم
تاک2)بوکشە! (182)نەئ، نەکشەش!
رابوردوو:
تاک 1)کوشتم (183)ئەمن دووه زەلامەم کوشت من دوو پیاوم کوشت

*(گفتن)=گوتن
حازر
تاک1)ماچی (184)ئەمن مەگۆ باچی بە نەت من شتیکت پی دەڵیم
2)ماچی (185)چیش ماچی؟ دەڵی ی چی؟
3)ماچۆ (186)ئید ماچۆ/موگۆ باچۆ ئەو دەڵیت
کۆ1)ماچمی (187)ئێمە بینە ماچمی ئێمە وای دەڵی ین
2)ماچی (188)ئیشما چیش ماچی؟ تۆ دەڵی ی چی؟
3)ماچان (189)چ ئاکرە بینە ماچان لە عەقرە وادەڵین
فرمان:
تاک2)باچە (190)باچە بەنەشان! پی یان بڵی!
رابوردوو:
تاک1)واتم (191)ئەمن واتم بەنەش من پیم گوت
2)واتت (192)ئەتۆ چیشت وات بەنەشان چیت پی گوتن؟

*(نهادن)=دانان
حازر:
تاک 1)مەرنی
فرمان:
تاک2)ئەرنە(193)ئەرنەش سەرمیزی لەسەرمیزەکەی دانی
رابوردوو
تاک1)ئەرنام (194)ئەرناش دای دەنیم

تیپـــــــــــه ر

*(برخیزاندن)هەستاندن (بروانه ژمارە 62 ی سەرەوەتر)
حازر:
تاک1)مورزنی(195)ئەجە نور زنیت؟ بۆ چی من هەڵم نەستاندی ؟
2)موزنی (196)ئەمن موگۆ ئورزنیش من هەڵی دەستینم
3)مورزنۆ (197)ئو میزەی مورزنۆ ئا ئەم میزە بەرزدەکاتەوە
فرمان:
تاک2)ئورزنە(198)نورزئەم! هەڵم مەستینە!

(199)ئورزنەش هەڵی ستینە!
رابوردوو:
تاک 1)ئورزنام(200)ئورزنامش هەڵم ستاند
2 ئورزنات(201)ئەتوو ئورزنات؟ تۆ هەڵت سەند؟

*خوردەشدەن) خوران (بروانە ژمارە 120 ی سەرەوە):
حازر:
تاک1)مۆرنی (202)ئەمن نمۆرنی من ناخوریم
(203)نمەین واردە من ناخوریم
3)ماریۆ مۆرنیۆ (204)ئی گۆشتە نمۆر یۆ/نمۆرنیو ئەم گۆشتە ناخوریت

*(زدەشدن) لیدران (بروانە ژمارە 156 ی سەرەوە):
حازر:
تاک1)مەگیکنی (205)ئەمن نمەیاری بڵی، مەگیکنی من ناویرم بچمە دەرەوە، لیم ئەدری
رابوردوو:
تاک 1)پیکیایم من لیدرام
کۆ 1)پیکیایمی ئێمە لیدراین
هەروەها:
تاک (206) ئامایم ن پیکا لیم درا
(207)ئامایمی ن پیکا لیمان درا

*(کشتە شدن) کووژران : (بەراوردی بکە لەگەڵ 180 ی سەرەوە):
حازر:
تاک1)مەکشنی (208)نمەلی مەکشنی من ناچم، دەکووژریم
2)مەکشنی(209)نەکی بلی تەرا مەکشنی مەچۆ، نەوەک بکوژری ی
3)مەکشنیۆ (210)نمەیارۆ بلۆ، مەکشنیۆ ناویری بچی، دەکووژری
کۆ 1)مەکشنمی
2)مەکشنیی
3)مەکشنیان
رابوردوو:
تاک2)کوشیا(211)بابۆم/ باووٚم کوشیا
کۆ 3)کوشیا(ی) (212)فرا/ دووە زەلامە کوشیا(ی) زۆر/ دووکەس کووژران
(213)قاتی دووە عەشیرەتەی فرا زەلام کوشیا چ هەردووەلای لە نیوان دوو هۆز، زۆر پیاو کووژران لە هەردوولا
هەروەها:
تاک3) (214)ئید ئاما نەکوشتە ئەو کووژرا
کۆ 3) (215)ئیشانگە لە ئامایی نەکوشتەئەوان کووژران.

**ڕ ستـــــــــە:**

(216)   وەخت نەرەمالوا   درەنگە
(217)   وەخت نەرەشالوا   وەختیان  نی یە
(218)  کور ەم چانەم لوا   کور ەکەم  جی ی  هیشتم
(219)   ئەرام بارەش   بۆمی بینە!
(220)   خاستەرەن
(221)   ئی تشتە چەگشتی خاستەرەن   ئەم شتە لە هەمووی باشترە
(222)   ئی قاچیە قاقەت   بر ین   ئەو مقەستە بۆ کاغەز
بر ینە
(223)بۆ ئیندا داباچی بەنەت،   وەرە ئیرە باپیت بلێمبلە با چە بە
نەش،   برو، پی ی  بلی
چیش ماچۆ بۆ باچەبەنەم   (ئینجا)، وەرە پیم بلی  چی گوت
(224)   هۆزمان ئارپەچی  حەتە هەشتا   گوندی  ئێمە  ئارپەچی   هەشتا
ماڵی تیدایە
یالنی مەیۆ. دووە سەیانیش   عەر ەبان   دوو   یاسی   ماڵیان   عەرەبن،
پاشماوەکەی
قەلانیش گشت  شەبەکان. عەشیرەتمان   هەموو   شەبەک.   هۆزەکەمان
بەجلانە (هەروەها).
بەجلاننەن یا ماچمی بیجوانەن.  ئێمە هەموومان  سەربە (هۆزی) "گە ی"ن.
گشتمان  تەبیعی تەیەنمی. ئێمە سننی یەنمی.   ئێمە سوننین.
(225مۆگۆ ئی زمیە بکالی   من  دەبی ئەم  زەوی  یەبکیڵم
مۆگۆ بلی شۆم برانی خەرتە   دەبی ئەم زەوی یە بکیڵم
هۆ دماش  دگواسن مەکەری   پاشان دەبی جووتی دوایی بکەم
ئیستا لات مەبر ی   ئیستا زەوی شیو دەبر م
دمانی تۆم مەکەری   دوایی توو دەچینم
خەیلە سەوزۆبی، حیشکۆ بی   دەغڵ سەوز بوە (وشک بوە)
سارە موگۆ بەرشی درەو   سبەینی  دەبی بچمە دروینە
درەومەکەرمی ب دارەوقەینار   ئێمە  بە  داس   و  ئاسن   دروینە
دەکەین
مەکەرمیش ب تایە   دەیکەین بە تایە
دمانی مارمیش یانەب شەخەرە   دوایی   بە   شەغرە   دەیهینینەوە
ماڵی
مارمیش  خەرمان   دەیهینین بۆ  خەرمان
مەکۆ یمیش  ب  جەنجەر   بە   جەنجەر
دەیکوتینەوە
واش مەکەرمی ب  یابە   بەشەن، بە بای دەکەین
کاش مەلۆ   کایەکەی دەروا
گەنم ماری یانە   گەنمەکەی   دینینەوە
ماڵی
مەبەرمیش مەکینە ئەو هەساو   دەیبەین بۆ ئاشی ئاو یا مەکینە

مەکەرمیش ب ئارد
واردەمان چ ئینەیەن
ئێمە نان مۆرمی، هۆردەمورمی،
تەراتی مۆرمی ئو شفت و ماست ئۆ
شیرو ماست و
چاک ئوئی تشتگەلە
دەخۆین.

دەیکەین بە ئارد
خواردەمەنی یەکانمان ئەمانەن
ئێمە نان دەخۆین، چیشت دەخۆین
سەوزە دەخۆین و
چایی و ئەو چەشنە شتانە

## ژمارەکـــــــــان:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئیککی | 11 | یازدە | 20 | بیست |
| 2 | دووە | 12 | دوازدە | 30 | سی |
| 3 | سە | 13 | سیزدە | 40 | چل |
| 4 | چوار | 14 | چواردە | 50 | پەینجە |
| 5 | پەنج | 15 | پازدە | 60 | شەست |
| 6 | شیش | 16 | شازدە | 70 | هەفتا |
| 7 | حەفت | 17 | هەڤدە | 80 | هەشتا |
| 8 | هەشت | 18 | هەژدە | 90 | نەوەد |
| 9 | نوو | 19 | نووزدە | 100 | سەی |
| 10 | دە | | | 1000 | هەزار |

## ڕ ا ڤـــــــە:(Vocabulary)
*(بەپی ی ئەلف و بی ڕ یکخراون- تەنیا بۆ پیتە نەبزوینەکان)*

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئارد | = | ئاسمان | | | |
| ئیستا | = | ئاو | عەور | = | هەور |
| ئاویڵ | = | منداڵ | ئوزیرە | = | دوینی |
| ئاور | | | بیل | = | زەوی |
| بابۆ | | (بەراوردی بکە لەگەڵ 211) | | | بۆندری |
| بەلی | = | بەروو | بزە | = | بزن |
| برا | | | چەرمە | = | سپی |
| چەم | | دیگمە | | = | دانەویڵەی کوتراو |
| ددان | | | داکۆ | = | دایک |
| دگواسن | = | جووتی جاری دووهەم | دارە | = | داس |
| دەم | | | درەو | | |
| داربی | | | دیوار | | |
| دەست | | | گەنم | | |
| فرا | = | زۆر | گشت | | |
| گۆشت | | | گاو | = | گا |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گاواسن | | | | | | |
| هەمرا | | | | | | |
| هەنگیر | | = | تری | | | |
| هەنجیر | | | | | | |
| هۆر | | = | خۆر | | هارۆ | = |
| ئەمڕۆ | | | | | | |
| هۆردە | | = | چیشت | | هۆرم | = |
| خەو | | | | | | |
| هەر | | = | کەر | | هەر ە | = |
| قور | | | هەسپ | | | |
| هەستەر | | | هەستارە | | | |
| هەساو | = | ئاش | هەوجار | | | |
| هەولی | = | ماین | | | | |
| هەورا | = | برسی، برسی یەتی | | هۆز | = | گوند،ئاوایی |
| هیزم | | | حشک | = | وشک | |
| حوشتور | | | | | | |
| جفت | | | | جفتیار | | |
| جەنجەر | | | | | | |
| کا | | | کۆ | = | شین، کەوە | |
| کۆ | | = | کیو | کلک | = | قامک |
| کەمەر | | = | بەرد | کناچە | = | کچ |
| کارد | | | | کور ە | = | کور |
| لا | | | | لچ | | |
| لات | | = | بەشەزەوی | لیت | = | لووت |
| مەگەز | | = | میش | | | |
| مانگ | | | مانگاو | | = | مانگا |
| ماست | | | | | | |
| مەتەڵ | | | مەی | = | مەر | |
| مەیمان | | | | | | میز |
| نهۆ | | = | نۆک | | | نام |
| نماز | | = | نویژ | نزی | = | نیسک |
| پا | | | | | | |
| پرچ | | | | | | |
| پەڕەی | | = | پیری | پیرای | = | دووسبەی |
| پیاز | | | | قاچی | = | مقەست |
| قاقەت | | = | کاغەز | قرمز | = | سوور |
| قاش | | = | برۆ | قەینار | = | ئاسن، |
| قابغ | | | | ری | | ڕۆ |
| ر یش | | | | ر یت | = | رووت |
| سمبیل | | | | سپە | = | سەگ |
| سەر | | سەرە مانگی | | = | سەرەتای مانگ | |

سیر = تێر ساره = سبەینی

سەردامی =سەربان سەوز

سیاو = ر ەش شفت = شیر

شۆم = شیوکردنی زەوی شەم کویرک

=شەمشەمە کویرە

شار شەخەرە = شەغرە

تەپە تەراتی = سەوزە

تەشنە = تینوو تەینا = تەنیا

تۆم = توو طایە = تایەْ (ی گەنم و...)

وا = با واڵە = خوشک

وەرە = بەرخ

خەرمان

خەیلە = خەلە یابە = شەن

یانە = ماڵ یانگە = شوێن،جیگا

یەو = بەرووتی زی = زوو

زەلام = پیاو زمی = زەوی

زەند = باسک زەندار = بریندار

زەنج = چەنە زوان

پەراویزەکـــــان:

1)وتارەکە، لەم سەرچاوەیەوە کراوەتە کوردی

Bajalani ،by D.N. MacKenzie
Bulettin of School of Oriental and African Studies ،No. 18،3،1956 ،p. 418

2) Extreme
3) Father Anastase Marie
4) Tafkihat a-l- ashan fi tarikh Oalaoati
’Adyan، V Al- Machrig، Beirut، 1899
5) Claudius James Rich،
Narative of a Residence in Koordistan،
London 1836، 2، 105.
6) Bajilan
7) Oscar Mann
Mundarten der Guran….. Badschalant،
Bearbeitet Von k. Hadank، Berlin، 1930، 41
8)الێراف، من فرق الغلاه فی العراق، بغداد، 1954.
سپاسی پرۆفیسۆر ڤ. مینۆرسکی دەکەم بۆ ئەم سەرچاوەیە (ی وا پێی ناساندم).
9) Mr.T.H. Gillson، (Her Britannic Majesty)
10) Lailatu. l- Kafsha
11) Hadank

وتاری سێهەم

# هەندێ شیعری لیریکی گۆرانی[1]

دوای ئەوەی گەڵاڵە ڕ یزمانییە کورت بەڵام لەلایەنی ڕێزمانەوە، مامۆستایانەکەی "چارلز ڕ یۆ"[2] لە ساڵی 1881 دا چاپ و بڵاو کرایەوە، "گۆرانی" چ لە باری وێژەوانی و چ لە لایەنی زمانییەوە، بوو بە سیندریللای ئێران ناسی.[3]
جگە لە ڕ اگەیاندنیکی:ئی.بی.سۆن"[4] کە لە خوارەوەدا زیاتری باس لێ دەکەین، پوختەکراوی ڕاستەقینەی بابەتەکە بریتی دەبێت لە وتارە کورتەکەی پرۆفیسۆر "مینۆرسکی" لە سەر "گۆران"[5] کە توێژینەوەیەکی رێک و پێکە لە مەر هەموو ئەو چیرۆکە شیعرە لیریک و ئایینیە "گۆرانی" یانەی کە تا ئەو سەردەمە ناسرابوون.

ئەو دەستنووسە پارێزراوانەی کەوتوونەتە دەستی مینۆرسکی و پاشان پێشکەشی لقی لێنینگرادی ئەنستیتۆتی ڕۆژهەڵات (ئەنستیتۆتی ناڕۆدۆپ ئازیی – ئـ.ن.) [6] کراون، ئیستاش هەرلەوێ بە چاپ نەکراویی ماونەتەوە.
پێویستە هەمان مەسەلە، سەبارەت بە گەلێک دەستنووسی دیکەش بگوترێ کە "ئوسکارمان" بۆ "کتێبخانەی پێشووی میریی پرۆس"[7] پێکی هێنابوون، ڕاستە.
ئوسکارمان گەرەکی بوو لەو نموونانەی وا لەبەری نووسیبوونەوە [8]، بەرگێکی سەربەخۆ پێک بهێنێت و بەناوی "چەند نموونەیەک لە ئەدەبی گۆرانی"[9] یەوە، لەناو "توێژینەوە کوردی – فارسییەکان"[10] ی خۆیدا چاپ و بڵاویان بکاتەوە.
تەنیا لەم دواییانەدا بوو کە "م. موکری" بە هۆی چاپ کردنی شیعرێکی ئایینی – وا لە فیرقەی "ئەهلی حەق" سەرچاوەی گرتبوو، سەرنجی [خوێنەرانی] بەرەو کۆمەڵە دەستنووسەکانی خۆی راکیشا.[11]

زاراوە زیندوەکانی "گۆارنی" ژیانێکی باشتریان بوە – گەرچی دەوری خوشکە ناشیرینەکانیشیان نەبینیوە. [12] هەموویان جێگەی باسی "ئـ.کریس تین سن" [13] بوون بۆ چاپی ماتریاڵە هەورامییەکان، کە "ئـ. م . بینی دیکتسن"[14] وەکۆی کردپوون، هەروەها بۆ ئەو کارەی وا "ک. هەدەنگ" [15] لەگەڵ ماتریاڵە دەوڵەمەندترەکەی"ئۆسکارمان" کردی [16].

بەخت و ئیقباڵ دووجار منی خستە پەیوەندیی زاراوەی گۆرانییەوە: یەکەمجار لەگەڵ تاقمێکی کۆچ کردووی"باجەڵان" و دووهەمجار لەگەڵ هەورامییەکان کە ئەمان گرنگایەتی زیاتریان هەیە.[17]
وا وی دەچی ئیستا، کاتیکی موناسیب بێت بۆ ئەوەی "زمانی قسەکردن " بەجێ بهێڵین و چاوێکی دیکە بە "گۆرانیی ئەدبی" و بە تایبەت بەشی هەرە لە بیرکراوی، واتە شیعری لیریکیدا بخشێنین.
ئەوەی ئیستا بە ڕۆشنی دەردەکەوێ ئەو ڕێگەیەیە کە تیایدا شاعیرەکان بەرەو وشەگەلی [ڤۆکابیەلیری] گۆرانی، کوردی و فارسی و تەنانەت ئەگەر خۆیان ویستبێتیان، بەرەو ساختمانی ڕ یزمانی کیشراون.

زانیاری گشتی لەسەر شیعری لیریکی گۆرانی لە دەرەوەی زێدەکەی خۆیدا، بەتەواوەتی بەستراوەتەوە بە دەستنووسی ژمارە Or. 6444 ی کتێبخانەی بەریتانیاوە، کە "مێجەرسۆن" نزیکەی چل فەردی لێ چاپ کرد و گوتی "... لە سلیمانی – باشووری کوردستان و لە سەر نوسخەیەکی ڕ ەسم هەڵگیراوی دەستنووسەکە" کاری کردوە و هەل و مەرجەکەی ئەویی " بۆ بەراوردکاریی بەری و جێی وشەکان" بەناتەواو زانی.
هەرچۆنێک بیت، دەبی بگوتری ووتارەکەی سۆن زۆر رێک و پێک نییە، پڕ ە لە هەڵەو بۆچوونەکانیشی زیاتر گشتین و کەمتر ڕاستن. گەرچی دەست نیشان کردنی هەموو ئەو هەڵە و پەڵەیە دەبێتە هۆی وەڕە زیی، بەڵام هەندێکیان پێویست بە ساغ کردنەوە، دەکەن.

دەستنوسەکە، بەیازێکە لە قەبارەی x217.5 سانتیمەتریدا، 84 پەڕەیە بەڵام تەنیا پەڕە ی 8ب تا 54ب 18 (ff. 8b-54b تەرخانی شیعری گۆرانی کراوە و پاشماوەکەی بریتین لە دەقی هەمە چەشنەی فارسی و عەرەبی.
کۆکەرەوەی شیعرەکان، ناوی خۆی و تاریخەکەی داوە بەدەستەوە، وەک لە پەڕەی 29 ب دا هاتووە:
"رقم بید المذنب عبد المومن بن جمال الدین محمد الخطیب سنندج عام 1198"
(هەروەها لە پەڕ ەی 32 دا بە هەمان چەشن)
لە پەڕ ەی 39 ب دا هاتوە:
"در کنار اب رود شهر(؟) رقم انشاء پـذیرفت 1196"
ساڵانی 1196 و 1198 ی کۆچی (4-1782 زایینی)، دەکەونە سەردەمی خوسرەوخانی ئەردەڵانەوە کە تیایدا شاری سنە، پێتەخت بوو.

شیعرەکان بە خەتێکی ورد بەڵام زۆر خاوێن نوسراون کە بەباشی دەخوێندرینەوە. زۆربەیان لە شێوەی "مورب" و لە سی یاچوار ستوون دا نوسراونەتەوە.هەر پارچە شیعرێکیش عینوانیکی هەیە و بە هۆی ئەو عینوانەوە، کە بە جەوهەری سوور نوسراوە، لە پارچە شیعری دواتر جیا دەکرێتەوە. لەبەر ئەوەی شیعرەکان "تەخەللوس" یان پێوە نابینرێت، تەنیا لە ریگەی ئەو عینوانە سوورانەوە، دەکری دانەریان بناسرێ بەداخەوە "سۆن" سروشتی ڕاستەقینەی بەیازەکەی نەناسی و گوتی:"نمونەی کاری 27 شاعیری گرتۆتە بەر". وا وی دەچی ئەم رەقەمە جەنابی "س. توپالیان" یشی بە هەڵە دا بردبی کە لیستەی ناوەڕۆکی دەستنوسەکەی بۆ پرۆفیسۆر مینۆرسکی پێک هێنا.19

لە ڕاستی دا، هەرچەندە یەکەم عینوانی سەر لاپەڕ ەی یەکەم (8ب) کوژاوەتەوە، نیشانە گەلێک بە دەستەوەن کە دەبێ ناوی "مەحزوونی" بە سەرەوە بووبی و هەروەها زۆربەی هەڵبەستەکان – بەلای کەمەوە تا پەڕ ەی 44 هی ئەون کە شیعری لای کەم 33 شاعیری دیکە، بەین بەین لێکی جیاکردوونەتەوە. بۆ نموونە، دوای شیعری یەکەم کە خاوەنەکەی نەناسراوە، دوازدە پارچە شیعری تر هاتوون کە تەنیا لە سەریان نوسراوە"ولە". ئینجا لاپەڕە 1ب شیعری "استاد میکائیل" و بە

شوێن ئەویشدا، شیعرێکی دیکە دەبینرێت، کە عینوانی "وله محزونی" لە سەرە، ئەم شێوەیە، تا هەرشوێنێک کە ئەم عینوانانە بەرچاو بکەون، درێژەی دەیێت: مەولانا زین العابدین [20]، و لە محزونی، شەش پارچەی تر بە عینوانی "وله"ەوە، ئینجا شێخ ئەحمەدی تەختی، و لە میم، نۆدانە "وله" ی تر و بەم شێوەیە ناوی "مەحزوونی" دوای ئەوەی بە هەڵبەستی شاعیریکی تر دەبرێتەوە، سەر لە نوێ لە پارچە شیعری دواتردا، خۆی دەنوێنێ.

شیعرەکان لە پیشدا بە پێی بابەت یاخود بە گوێرەی پیتی یەکەمی لەتکەی یەکەم دیاری کراون. [لە باسی مەسەلەی بابەت دا]، بە "بەهاریات" دەست پێ دەکەن و بە شوێن ئەواندا "پائیزیات"[21] دێن (ل11ب)، ئینجا چراغیات (ل 13 ب) کە تیایا دۆست بە چرا شوبهێنراوە، بە شوێنیدا ئەو شیعرانەی وا بەم ووشانە دەست پێ دەکەن: یاران(20 ئـ، دڵە (21 ب)، ئیمشەو (23ب)، شیرین(24ب)، زولەیخا (26ب)، لە لاپەڕە 27ئــ بە دواوە تاقمە هەڵبەستێک دەست پی دەکرێن کە "درابیات متفرقه که به حسب حروف جمع شده" واتە بە پێی یەکەم پیتی فەردی یەکەم بە شوێن یەکدا هاتوون[22]. بە هەڵکەوتیش (وەک لاپەڕ ە 29 ئـ و 31ئـ) شیعری مەحزوونی وڵامێکە (در جواب) بۆ شیعرێکی تر (درسوال) یا بە شوێن یەکی دیکەدا دێت(در ردیف). لاپەڕە 44ب هیچ شیعرێکی تێدا نەنوسراوە و ناوی مەحزوونی تێدا بەدی ناکرێ: جا بەم بۆنەیەوە جێگای دڵنیایی نییە پاشماوەی ئەو شیعرانەی کە عینوانی "وله" یان بەسەرەوەیە، هی ئەوبن. جاری واش هەیە نووسەر، ناوی شاعیری تاقە شیعرێکی نەزانیوە(لااعلم) یاخود، لیی دڵنیا نەبووە (هی ئەو کەسەیە، بەڵام دەگوتری هی فڵانە کەسیش بێت).[23]

لیستەی تەواوی ئەو شاعیرانەی ناویان براوە، بە شیوەی خوارەوەیە:[24]
1) عەبدی؛ ل 46 ئـ.
2) عبدالمومن نووسەری کەشکۆڵەکە (راقمه)؛ پپ 42 ب و 43 ب.
3) ئا... ا کور (عینوانەکەی بە باشی ناخوێندرێتەوە؛ ل.40 ئـ [من لەسەر ئەو بروایەم کە ئەو ناوەی مەکەنزی بە "ئا.... اکور" ی خوێندۆتەوە، "ئاغاکۆر"ە. پڕوانە: بەشی شاعیرەکان، ژیان و بەرهەمیان لە کەشکۆڵی شێخ عبدالموءمندا-وەرگیر]4 دەردین؛ پپ 31 ب، 39 ئــ.
5) حاجی عەلی محمد بەگی تیلەکۆ؛ پپ 34ئــ، 45ب.
6) ئەلیاس بەگ؛ پپ 33 ب،40 ب.
7) جمال الدین محمد – باوکی نووسەر (ابویم)؛ پ 34ب.
8) لاڵو خوسرەو؛ پ 50 ئـ.
9) مەحزوونی" لە هەموو شوێنێکی بەیازەکەدا.
10)مەولانا فەرروخ پەڵەنگانی؛ پپ 34ب، 46ئـ.
11) مەولانا قاسم؛ پپ 28ب، 40 ب.
12) مەولانا یۆسف دەویسەیی (هەمان مەلا یۆسفە؟)؛ پ.50 ب.
13) مەولانا زین العابدین؛ پ.10 ب.
14) میرزا ابراهیم؛ پپ 26ب،. 30 ب، 40 ب.
15) محمد امین بەگی ئەورامی؛ پپ 39ئـ، 40 ب.
16) محمد قلی سلیمان؛ پپ 12 ب، 21ب، 48ب.

17) ملا فچلاللە؛ پ 33ب.
18) ملا/ مەولانا حافق فرهاد؛ پپ 34ب، 39ئـ، 48ب، 49ئـ ، 51ئـ.
19) ملا گاهر ئەورامـ(ان)ی، پپ 32ب، 38ئـ.
20) ملا یوسف برای "مەلاحەبیب"ی کەلان (هەر مەولانا یۆسفە؟)؛ پ 41ب.
21) ناڤر بستی: پ 43 ئـ.
22) پەشیو؛ پ 29ئـ (vp. 280، s.v.).
23) رەزا بەگـ ؛ پ39 ئـ.
24) یۆفی عەلی کیونانی ؛ پ 49 ئـ.
25) شاکە (چکۆلەکراوەی شاکر؟)؛ پ 47ب.
26) شیخ ئەحمەدی تەختی (25)؛ پپ 45 ب، 49 ب (26).
27) شیخ حەسەنی دەرە هەردی؛ پ 45 ب.
28) شیخ لطف اللە؛ پ .32
29) شیخ مصطفی تەختی؛ پ 48 ب (27).
30) شیخ شمس الدین درەهەردی؛ پ.50 ب.
31) شیخ یەعقووب خان؛ پ . 40 ئـ.
32) عومەری نەججار ی (یا بوخاری)؛ پ 46 ئـ.
33) ئوستاد میکائیل؛ پپ . 1ب، 51ئـ.
34) ئوەیس بەگ؛ پ . 40 ب.
35) خانای قوبادی؛ پ 51ب.
36) یۆسف یاسکە؛ پپ 32ئـ، 37ب، 41ئـ، 45ئـ، 46ب، 47 ئـ ( 28).
37) نەناسراو؛ پپ 43ئ، 48ئـ.

هەوڵیکی بی سوود دەبێت ئەگەر وابزانین هەموو شیعرێکی ناو کەشکۆڵەکە، دەناسرێتەوە: زۆریان بە نەناسراوی ماونەتەوە. ئەم نموونانەی خوارەوە- کە هەرچۆنیک بیت، هەندێکیان لە لایەن "سۆن"ەوە کەڵکیان لێ وەرگیراوە، تارادەیەکی مەعقوول، ڕۆشنن.

ڕاستییەکی سەرەکی و ئاشکرا – کە "سۆن" چاوی لی پۆشیوە، لە بەراوردکاریی هەندێ تەرجەمەی بینی دیکت سن-کریس تن سن و مینۆرسکی لە لایەکەوەو "ئۆسکارمان" [یادداشت لە مەر دەستنووس] و "هەدەنک" لە لایەکی ترەوە دەردەکەوێ: هەموو دانیشتوانی ناوچەی هەورامان و کرماشان بە شێوەیەکی نیسبی بۆ بە کارهێنانی "گۆرانیی ئەدەبی"، بایەخی فۆنیتیکیی زاراوەی خۆیان بە "زاراوەی سەرەکی" دەدەن. کەوابوو، شاعیرانی هەورامی کە ئێمە، لێرە تەنیا لەگەڵ ئەواندا رووبە روو بووینەتەوە(29)، پیتی دەنگداری "مەجهوول" یان پاراستوە(30)، لە کاتێکدا ئەم پیتانە، لە ناوچەی کرماشاندا تووشی ئاڵو گۆر هاتوون و /ێ/ بۆتە /ی/، یاخود /ۆ/ بۆتە /و/ (e > i، o > u) و تەنانەت لە گۆرانی و کوردیدا-بەیەک شێوە، پیتی /و/ بوە بە /وو/.
دەگمەن هەڵ دەکەوێ قافیە لە دەنگداری کورتدا جۆرایەتی نیشان بدات. بۆ نموونە، پروانە جیاوازی نیوان /ی/ ی نوسراو لەگەڵ /ی/ ی سەرزار. هیچکام لە /ی/ ی ئیزافە و /و/ ی عەطف، لە نوسراوەکانی ئەم دەستنووسەدا، خۆ نیشان نادەن، کاتیک نەبێ کە لەگەڵ پیتی دەنگداری پێش خۆیاندا، لیکدراویکیان پیک

هێنابی، کاتیکیش لە باری ڕێزمانەوە، بۆ وەستانی دوای پرگـــــــەی پێنجەم، پێویست بە بیچمێکی پرگەیی هەبێت، ئەمانە بە ئاشکرا قرت دەکرێن.
لە کاتی نوسینەوەی شیعرەکانی خوارەوەدا، ئەگەر حاڵەتێکی ئەوتۆ هاتبێتە پێشێ، ئەوا ئیزافەی هاوبەش لەگەڵ دەنگدارێکی دیکە، بە "وێرگول"(فاریزە) نیشان دراوە (31). تەرجەمە و فەرهەنگۆکی تێرو تەسەلی [ ی کۆتایی وتارەکە]، لە ر وون کردنەوەی زیاترمان بێ نیاز دەکەن."

(مەکەنزی لە درێژەی باسەکەدا، 12 پارچە شیعری کەشکۆڵەکەی بە کوردی (تیپی لاتینی) و تەرجەمەی ئینگلیزییانەوە نووسیوە ئینجا چوار پارچە شیعری "گۆرانی" دیکەی هێناوەتەوە کە، سیانیان هی سەیدی هەورامی، مەولەوی (مەعدوومی) و ئەحمەد بەگی کۆماسین و چوارەمیانی وەک شیعرێک ناساندووە کە "بینی دیکت سن" لە "پاوە" تۆماری کردوە و باسی ئەوینی کوڕ ەلاویکی موسوڵمانی سنەییە لەگەڵ کچە گاوریک:

*ئازیزم بەستەن* *جەوساوە نەرای تۆم زوننار بەستەن* (p271)

لە کۆتایی ووتارەکەشدا، فەرهەنگۆکیکی هەشت لاپەڕ ەیی کوردی- ئینگلیزی لە مەڕ وشەگەلی شیعرە چاپکراوەکان پیک هێناوە کە پێویست بە وەرگێڕان ناکات.
ئەو شیعرانەی کەشکۆڵەکە، وا مەکەنزی وەریگیراونەتە سەر ئینگلیزبی، بریتین لە:

1)میرزام! وەهاران...
ولە (مەحزوونی )، پ 11 ئـ(8 فەرد).
2) نەو وەهارسیان...
ولە پ 11 ئـ (5 فەرد). (ئەم شیعرە، لە دیوانی بێسارانیدا، دەستنووسی مامۆستا مەلا سەید طاهر هاشمی، ژمارە 219) بەناوی "بێسارانی" یەوە هاتوە. وەرگیر)
3) هەور نۆ ئاما، خەم پۆش و نەمین.
ولە مەحزوونی در پائیزیات، پ 11ب (3 فەرد)( 32).
[ئەم شیعرە لە وتاری "سۆن"دا بە ناوی شێخ ئەحمەدی تەختییەوە چاپ کراوە]، و لە دەستنووسی هاشمی ( ژمارە 38) دا بە ناوی بێسارانی یەوە هاتووەْ).
4) ئاڕۆ خەزانی زەرد بامم وینا... سۆن، ل 63، نموونەی 2، هەمان هەڵبەستەوانی شیعری ژمارە1، هەڵەیە. ولە؛ پ 12ب (3 فەرد [لە دەستنوسی هاشمی (ژمارە6) و چاپی نیکر ەفتار (ل 38)دا بەناوی بێسارانییەوە هاتوە].
5) خەزانێ بە چاخ... سۆن، پ 65، نموونەی 3 شیعری ستوونی پێشەوەتر، هی محمد قلی سلیمانە بەڵام ئەم شیعرەش هی مەحزوونییە ولە؛ ل12ب (6 فەرد)ٍ[لە دەستنووسی هاشمی (ژمارە 107) و چاپی نیک رەفتار (ل109)دا بە ناوی بێسارانی یەوە هاتووە]
6) چراخ! وەشبۆشەن... [لە دیوانی بێسارانی (ژمارە 36 ی دەستنووسی هاشمی و ل 75ی چاپی نیک رەفتار) دا بەناوی بێسارانی یەوە هاتوە] ولە؛ 13 ئـ (5 فەرد).

7)چراخ! جەخاودا... (لە دیوانی بیسارانی (ژمارە 39ی دەستنووسی هاشمی و ل 77 چاپی نیک رەفتار )دا بەناوی بیسارانی یەوە هاتوە). ولە؛ ل 13ب (7 فەرد).
8) چراخم بی تۆ گوڵان وەهار...(لە دیوانی بیسارانی (ژمارە 86ی دەستنووسی هاشمی و ل 125 ی چاپی نیک رەفتاردا بە ناوی بیسارانی یەوە هاتووە). ولە؛ ل 18 ئـ (4 فەرد).
9) چراخم  بەختەن...
ولە؛ پ 2ئـ (11 فەرد). [لە دیوانی بێسارانی (ژمارە 95 ی دستنووسی هاشمی و ل 69 ی چاپی نیک رەفتاردا بە ناوی بێسارانی یەوە هاتوە].
10) دڵە بەزەییش ئاما بەویدا...
ولە؛ پ 22ئــ  (5 فەرد).[لە دیوانی بێسارانی (ژمارە 130 ی دەستنووسی هاشمی)دا، بە ناوی بێسارانییەوە هاتوە].
11) تەلێو جەڕێحان پرشان و شیوە [پەریشان شیوە. وەرگیر]
"مەلا طاهیری ئەورامی در ردیف"، پ 32ب (14فەرد).[1-لە وتاری میجەرسۆن دا (ژمارە 4)بە ناوی مەلا طاهیری ئەورامییەوە چاپ کراوە 2-لە دەستنووسی هاشمی (ژمارە 163)دا بەناوی بێسارانییەوە تۆمار کراوە].

[مەکەنزی لە کۆتایی وتارەکەیدا دەنووسی]:
"نوسینی شیعر بەشێوەی گۆرانی زۆر دوای ئەم کەشکۆڵەش لە ئەردەڵاندا درێژەی بوە بەڵام ئێستا نەریتەکە فەوتاوە و ناو و تاریخی ژیانی شاعیرەکان – ژمارەیەکی کەمیان نەبی، لە ناوچوە. ئەمڕۆ کوردیکی کەم هەن (جگە لە دەوروبەری سنە)، کە گۆرانی بە باشی تێ بگەن و هەندێ نموونەی کەمی شیعر، کە چاپ دەکرین، زۆربەیان هەڵەن. بۆنموونە، بیچمێکی هەڵە و کورت کراوی نموونەی 11 ("تەلێو جەریحان پەریشان شیوە"ی مەلا طاهیری ئەورامی)، لە (ڕۆژنامەی) گەلاوێژ، (ساڵی) 7، (ژمارە) 9(33)دا بەناوی بێسارانییەوە (34)چاپ کراوە.
لە "گەلاوێژ" ی (ساڵی) 3، ژمارە 10-9 دا، شیعری دواتر (سای سەهەند سەنگ)، لە شکڵ و کێشی جیاوازدا بەناوی "سەیدی" یەوە چاپ کراوە بەڵام دوورە لەو تایبەتمەندییانەی وا مینۆرسکی ئاماژەی پێ کردوون(35) بیچمی ڕاستەقینەی شیعرێکی گۆرانی بۆ نموونە: ئیزافەی ملکی /و/ هەروەها کۆتایی /ی/ و...هتد، نیشان دەدات.
هەرچۆنێک بێت ئەو بیچمەی وا شیعرەکەی تێدا چاپ کراوە، بەناتەبایی دەروونییەوە، دەبێ گومانیکی زۆرمان سەبارەت بە ڕاست و بێ هەڵەبوونەکەی بۆ دروست کەن.بیچمی جۆر بە جۆری –  ۆ، -ۆن، -نۆ، باسیان لێوە نەکراوە."

وتاری چوارەم

# مەلای جزێری و فەقێ تەیران[1]

سەبارەت بە شاعیرانی کورد زانیارییەکی کەممان هەیە. نوسخەی کارەکانیان کەمتر دەست دەکەون و زیاتر لەماڵی خەڵکدا زیندانی کراون. ئەو زانیارییەکەمەش کەنووسەرانی جیاجیا سەبارەت بە ژیانیان دەیدەن بەدەستەوە، لەگەڵ یەکدا ناتەبان.بەم هۆیەوە، تەنانەت ئەگەر هەندێ ڕاستەقینەی کەمیشیان لەمەڕ کۆبکرێتەوە، هەر بایەخێکی زۆری دەبێت ئەم وردە مەعلوماتەی ئێرە، لە راستیدا ڕ ێزگرتنیکی بچووکە لەیادی کەسێک کە خۆشەویستی زۆری بە نیسبەت کوردەوە هەبوو و گەلێک توێژینەوەی لە سەرمێژوو و کولتووریان کرد [واتە مینۆرسکی].

یەکەم سەرچاوەی زانیاری ئێمە [ئوروپاییەکان] لەمەڕ شاعیرانی کۆنی کورد بریتیە لە و فەسڵەی وا مەحمود ئەفەندی بۆ "ئـ. ژابا" ی نووسی و سەدەیەک پێش ئێستا لە کتێبی "کۆمەڵەی یادداشت و حیکایەتی کوردان" ی [2] ژابادا بڵاو کرایەوە.باسی ئێستای ئێمە لە مەڕ شاعیری دووهەم و سیهەمی ناو نووسراوەکەی مەحمود ئەفەندی و بە تایبەت لەسەر ساڵی ژیانیان دەبێت، ئەوانیش بریتین لە "مەلای جزێری" و "فەقێ تەیران".

سەبارەت بە یەکەمیان، مەحموود بایەزیدی دەنوسێ لە ئەسڵدا خەڵکی جزیر و بۆتان [3] و ناوی شیخ ئەحمەد بوە، لەساڵی 540 ی کۆچی 6- 1145 ی زایینی لە جزیرە هاتۆتە دنیاوە و لە ساڵی 556 واتە (1161ز) دا کۆچی دوایی کردوە. سەبارەت بە دووهەمیشیان دەڵێ ناوی محمد بوە و خەڵکی شاری "میکس"ە لە ساڵی 702 (3-1302ز) دا هاتۆتە دنیا [پەیدابوویە]، لە شیعردا ناوی "میم و حی" [4] بوە، 75 ساڵ ژیاوە هەتا ئەوەی لە ساڵی 777 (6-1375ز) دا کۆچی دوایی کردوە.

هەڵەیەکی زەق رووی داوە بەوەی کە ماوەی ژیانی جزیری بە 16 ساڵ دراوەتە قەڵەم. ژابا، هەڵەی بایەزیدی بەوە پینە دەکات کە عیبارەتی "پەیدابوویە" ی ئەوی بەم شێوەیە تەفسیر کردۆتەوە کە دەڵێ [جزیری]لەسالی 540 دا ناوی دەرکردوە". کاتێ لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا [سەدەی بیستەم]، م. هارتمان کلێشەی دەستنووسێکی دیوانی جزیری چاپ کرد، پەسندی ئەم بەشەی تەرجەمەکەشی کرد بەوەی کە نووسی: "لە ساڵی 540 دا دەرکەوت".[5]

ناوبراو لە سەر ئەساسی بەهێز بوونی ئەم ڕێکەوتەش، ساغیەتی تەرکیب بەندیکی جزیری دەداتە دواوە کە تییدا باسی یەکەم غەزەلی "حافز" دەکات [حافزی شیرازی لە سالی 791 واتە 1389 زاینییدا کۆچی دوایی کردوە].
علاءالدین سەججادی لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا، تارادەیەک لەو مەسەلەیە دواوە و لە پێشدا باسی ئەوەی کردوە کە دیوانی جزیری ئاماژەیەکی بۆ حافظ تێدایە:

*گەر لوء لوء مەنثور ژ نەزمی تە دخوازی،*
*درشیعری مەلابین، تەبەشیراز چ حاجەت؟*6
واتە:
*ئەگەر تۆ مرواری هۆنراو لە شیعر داوا دەکەی،*
*ئەوا سەیری شیعری مەلا بکە، پێویستت بە شیراز چییە؟*

سەججادی پاشان هەوڵ دەدات لە شیعرێکی [عبدالرحمن] جامی دا (817-898 = 1413-1492 ز) ئاماژەیەک بە جزیری و یەکەم شاعیری (لیستەکەی) ژابا واتە عەلی حەریری بدۆزێتەوە، کە دەگوتری جامی لەو ساڵەدا گوتوویەتی وا چوە بۆ سەفەری حەج (واتە 877 ک / 1472)7:

*پیرمردی بدیدەام زجزیر*
*نیم مردی بدیدەام ز حریر*8 [من ئەو "نیم" ە بە "نیز" دەزانم، واتە "نیز، مردی بدیدەام ز حریر" دەبێ ڕاست بێت: هەروەها پیاویکم لە حەریر دیتوە – وەرگیر]

سەججادی، بۆ دیاری کردنی ساڵی [ژیانی] جزیری واتە 811-886 / 1492 – 1413 هەوڵ دەدات لە سەر زەمینەیەک بڕواتە پێشێ کە زۆر روون نییە. سەبارەت بە شاعیرەکەی دیکەشمان تەنیا لە لیستەیەک بەناوی "باخچەی شاعیران"دا ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێ: "فەقی تایران (!) ی ماکۆیی (!) ... لە نیوان ساڵانی 1307 (!) و 1375 ی زاییندا ژیاوە. 9

لەم دواییەدا، موفتی قامیشلی [لە ڕۆژهەڵاتی سووریا] سەرنجیکی زیاتری داوەتە مەسەلەکە. ئەحمەد کور ی مەلا محمەد البوهتی الزڤنگی دەقیکی دیوانی جزیری بە تەرجەمەی عەرەبیەوە چاپ کردوە10 و تییدا قسەکانی سەججادی هیناوەتەوە وا دەڵێ جزیری لە شیعرێکی "تەرکیب بەند" دا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، باسی "سەعدی" و "جامی" کردوە.هەرچۆنێک بێت، ئەو نیشانە تازەیەی وا ئەو دەیخاتە بەرچاو، گەلیک وردتر دیاری کراوە بە هۆی ئەو ڕاستیەوە کە ڕێکەوتێکی دیاری کراومان دەدا بەدەستەوە.
لە هەردوو چاپی دیوانەکانی هارتمان و[موفتی] قامیشلی دا، شیعرێک هەیە کە وەک نامەی ئاڵ و گۆڕ کراو لە نیوان فەقێ تەیران و جزیریدا خۆ دەنوێنێت. شیعرەکە زۆر بەرز نییە و بەندەکانی یەکەمی بەسن بۆ ئەوەی شێوازیکی کینایەئامێز بە شیعرەکە ببەخشن.
فەقێ:

| | |
|---|---|
| سەلاما من حەقیری | سەدەفەک تپی تیکن |
| ئیرۆ د جزیری | حەقا ل مەلیکن |
| کو ژ دەربا تیری | دەرمان هەیە ل کن |

"دەبێ سڵاوی من ناچیز بخەنە تۆیی سەدەفیکەوە و جێی خۆیەتی ئەمڕۆ لە جزیرە پێشکەشی مەلای بکەن. لە بەر ئەوەی ئەگەر دەرمانێکی بۆ برینی تیری من هەبێت، ئەوان دەبێ بینێرن و تیماری برینم بکەن."
مەلا:

سەلامین مەلایەکەتان        بی حەدد و بی حیسابین
شوبهەتی ئاپین شەتان        ژ مەلا، ل میم و حی بن
هیلاکین ژ زەحمەتان        دەرمان ژ لام و بێ بن

" سڵاوی مەلایک بێ سنورو بێ هەژمارن، وەک ئاوی رووباران با لە لایەن مەلاوە بچن بۆ /م/ و /ح/. برین هەمووی [لەو] ەوە سەریان هەڵداوە و با دەرمانیشیان لە /ل/ و /ب/ [واتە:لەب" = لێو]ەوە بێت."

فەقێ:

شەربەتا لام و بێ یان        نادەم ئەز وی ئاب حەیاتی
مەعدەنا دال ورێ یان        د بارێنن نەباتی
ئیزهار دکن مەعنییا        ژ حوسنا بوت و لاتی

"من نابی تەرکی شەڕابی لێوان بکەم چۆن ئەوە ئاوی حەیاتە مەعدەنی /د/ و /ر/ (دور = مرواری، ددان)، نەبات دەبارینن و واتای رازاوەیی بوت و لات دەردەخەن"...هتد.

موفتی لێرەوە ئاکامێکی ئاشکرا وەردەگرێ (کە هارتمان وەری نەگرتبوو)، ئەویش بریتییە لە هاوچەرخ بوونی شاعیرەکان لەوەش زیاتر، ئەمیان [واتە موفتی] دەستی بە شیعری فەقێ تەیران ر اگەیشتوە (کە دەڵێ خەڵکی "ماکۆ"بوە)، لەبەرئەوەی قەسیدەیەک دینیتەوە کە بەم فەردە دەست پی دەکات:

*دلۆ رابە، دلۆ رابە، یکە چەهڤان کو ئیپارە*
*نزان و بەس د خەو دابە، ب نەومیرا مەبەیانە*

"هۆی دڵەکەم هەستە! هۆی دڵەکەم هەستە! چاوت بکەوە، شەوە، هۆ دۆستەکەم! نەزانی و بی خەبەریی با بەس بێت، دەست لەخەوهەڵبگرە!"
بەم فەردەش کۆتایی پێ دێت:

*ل محەممەد حەوت فەلەک چوونە، ژ هیجرەت دەورگەلەک چوونە*
*هەزار ساڵ چل و یەک چوونە، ئەڤ غەزەل هاتە دیارە*

"لەبەرئەوەی کە موحەممەد بە حەوت ئاسماندا گەڕاوەو لەبەرئەوەی کە زۆر سەردەمی بەسەردا تێپەڕ بوە، هەزار و چل ویەک ساڵ رابردوە کە ئەم غەزەلە دەرکەوتوە".

[موفتی] لەوڕاستیەوە کە فەقێ تەیران لە ساڵی 1631/1041ی زایێنیدا مرۆڤێکی کامڵ بوە، دەگاتە ئەو ئاکامەی کە جزیری لەو بەتەمەنتر بوویێت و لە دەوروبەری کۆتاییەکانی سەدەی دەهەم [ی کۆچی] هەتا نزیکەی ساڵی 1050/ 1640 زایینی لە ژیاندا بوویێت.
پەسندێکی دیکەی ئەم بۆچوونە لە تاقمە شیعرێکی دیکەی فەقێ تەیران دەردەکەوێت.جەلادەت عالی بەدرخان (بەناوی خوازراوەی "هەرەکول عەزیزان" ەوە لە وتاری "کلاسیکین مە" ی گۆڤاری هاواردا) نووسیویە:

" دەڵێن فەقێ تەیران موریدی مەلای جزیری بوەو لای ئەویش دەرسی خوێندوە. فەقێ لە مەرگی مەلادا شین گیر ییەکی بۆ نووسی و تێیدا تەئریخی مردنی ئەوی بە پیتی ئەبجەد راگەیاند ئەم شین گیر ییە ئێستا لەکاتی نووسینی ئەم وتارەدا، بە دەستمەوە نییە بەڵام جارێکییان کەوتە بەردەستم و لە بیرم ماوە کە فەقێ لەوێدا دەڵێ:

*هەفت عەین و لام ژ هەڤ بوون جودا*
*شین و گری دیسا تێدا*

(واتە: حەوت /ع/ و /ل/ لە یەکترجیابوونەوە شیوەن و گریانیشیان تێدایە).
"ئەگەر کەسیک ئەم وشانە بە حیسابی ئەبجەد لێک بداتەوە، ئەوا بە دڵنیایی دەگاتە ئەو ئاکامەی کە تەئریخی مردنی مەلای لێ دەربخات."[11]
گەرچی ئەو [واتە جەلادەت عالی بەدرخان] ئەوەی نەکرد، بەڵام "رۆدینکۆ" لە یادداشتەکانی خۆی لە مەر شیعری " شیخی سەنعان" ی فەقێ تەیران دا ئەم کارەی بەرێوەبرد و دوو شێوەشی بۆ شی کردنەوەی خستە بەردەست[12]:
یەکەم:
280 = 490-210 = (ل x7) – (ع x7)
530 = 10 + 200+20+300= (گری) ی +ر + گ +(شین=)ش
1407-8 زاینی/ 810 ی کۆچی = 530 +280
دووهەم:
47 = 30 – (70 + 7) = ل – (ع +7)
2- 1181 زاینی / 577 ی کۆچی = (وەک سەرەوەتر) 530 + 47

ئێستا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو "تەئریخ"ەی وا بە رواڵەت جەلادەت عالی بەدرخان گەلێک بەوردی لە بیری مابوو، پیویستە بەم شیوەیەی خوارەوە شی بکرێتەوە:
460 = 30 – 490 = ل – (ع x7)
590 = 10 + 200+ 20 + 50 + 10 + 300 = ی +ر+گ +ن+ی+ش
1050 = 590 + 460
کە ئەویش، ڕاست دەکاتە هەر ئەوساڵەی وا موفتی مەزەندەی کردوە.

بەم پێیە، جێگەی دڵنیاییە کە مەلای جزیری لە دەوروبەری ساڵی 980 تا 1050 ی کۆچی و 1570 تا 1640 ی زایینیدا ژیاوە. فەقێ تەیرانیش بە مەزەندە لە ساڵی 1000 تا 1070 ی کۆچی و 1590 تا 1660 ی زایینی لە ژیاندا بوە، ئەو تەئریخانەش کە پێشتر بۆیان نووسراوە گەورەکردنەوەیەکی بێ جێی مێژووەکەیانە.

---

*پەراوێزەکان :*

1)ئەم وتارە لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوەو لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی:
*"یادنامه منیورسکی – شامل تحقیق مربوط به مطالعات ایرانی، تدوین مجتبی مینوی و ایرج افشار، انتشارات دانشگاه تهران شماره 1241، گنجینه تحقیقات ایرانی شماره 57، تهران 1348 (1969 م)، پی 130 - 125"*
کتێبەکە، کۆمەڵەی چەند وتارە بە ئینگلیزی یا فارسی و وتاری مەکەنزی بە ئینگلیزی و لە ژێر ئەم سەردێڕەدایە:
D.N.MacKanzie
Male - e Jizri and Faqi Tayran

Recueil de notices et recites Kurds (2
سەنت پیرز بورگ، 1860 ، لل 8 تا 11.
3)جزیرە ابن عمر، جزیری نوێ.
4) Mim u he
5) .Im Jahre 540 trat er ouf
6) ،Der Kurdische Diwan des Sheck Ahmad von Ceziret Ibn Omar Berlin 1904 ،genannt Malai Gizri
7) سجادی، علاء الدین، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی یەکەم، بەغدا، 1952.
8) بەداخەوە نەمتوانی شوێنی ئەم شیعرە لە دیوانی جامیدا هەڵبگرم. [هەوڵی منی وەرگێڕیش بۆ دۆزینەوەی ئەم سەرە هەودایە بێ ئەنجام مایەوە بەڵام دڵنیام وشەی "نیم" هەڵەیە و دەبێ "نیز"بێت بە واتای هەروەها"]
9) [سجادی، علاء الدین، پیشوو، ل 536. وەرگێڕ]
10) العقد الجوهری فی شرح دیوان الشیخ الجزیری، 2 بەرگ، قامیشلی، 1958/1377
[لەکاتێ نووسرانی وتارەکەی مەکەنزیدا، هێشتا شەرحی دیوانی مەلای جزیری لە لایەن مامۆستا"هەژار" ە وە بڵاو نەببوەوە کە لەوێدا هەژار دەنووسی:
"دیوانەکەی ژڤنگی لە ئەسڵدا هی مەلایەکی هەژاری خەڵکی بۆتان بەناوی "مەلا عبد السلام" بوەو ژڤنگی دوای مردنی مەلا عبدالسلام ئەم دیوانەی بە ناوی خۆیەوە چاپ کرد. پڕوانە: دیوانی عارفی ربانی شێخ ئەحمەدی جزیری مشهور بە مەلای جزیری قدس السرە العزیز، هەژار شەرحی کردوە، انتشارات سروش، تاران، 1361 =(1982". منیش تەرجەمەی ئەم وتارە پێشکەش بە یادی مەلا عبدالسلامی بۆتانی دەکەم - وەرگێڕ].
11) گۆڤاری "هاوار"، ژمارە 33، یەکەمی ئۆکتۆبری 1941، دیمەشق لاپەڕ ە 6.
"Shjk San'an ،Faki Teiran (12
،Primecenic i Predeslovie M.B. Rudenko ،Perevod ،kriticeskij tekst n.4،P.4 ،1965 ،Moskow

# وەرگێڕاوی نامەیەکی پرۆفیسۆر مەکەنزی بۆ وەرگێڕ

11/10/1992

سوڵـتانی خۆشەویست،

سپاست دەکەم بۆ ناردنی وتارەکەت لە مەر دەستنووسە کوردییەکەی کتێبخانەی بریتانیا، کە بە زەوقەوە خوێندمەوە. تۆ شاعیری یەکەم شیعری کەشکۆڵی ژمارە or 6444. بە بێسارانی دەناسینی و ئاشکرایە ئەوە بەرەوپێش بردنێکی گرنگە. کاتێ کە من وتارەکەی خۆم دەنووسی، ئەگەر دیوانەکەی "بیسارانی" چاپیش بوایەت، بێگومان من ڕاستیەکەم بۆ دەرنەدەکەوت.

بەڵام من ئیستاش نازانم تۆ چۆن گەیشتوویەتە ژمارەی 41 شاعیر. من لە لیستەی تۆ دا ناوی 36 شاعیرم ژمارد* کە هاوڕێ لەگەڵ دوو کەس (عبد المؤمن و باوکی) و دوو شاعیری نەناسراو (لا اعلم) دەبنە 40 کەس و وەک من لە وتارەکەمدا نووسیومە(پەراویزی ژمارە 16، لاپەڕە 258)، دڵنیام کە "شێخ ئەحمەدی مویی" هەر وجوودی نییە: لە دەستنوسەکەدا" شێخ ئەحمەدی مومی" هاتوە بە واتای "شێخ ئەحمەدی ناوبراو". بەم پێیە، سەرجەمی ژمارەی شاعیران (ی کەشکۆڵەکە) دەکاتە 39.

سەبارەت بە پاشماوەی بابەتەکان، دەتوانی هەست بکەی کە گویم بەوە نابزویت پێم بگوتری بۆچوونم لە مەر کوردی و گۆرانی و هتد لە هەڵوێستی ئەمپریالیستبیانەوە سەر هەڵدەدات. ئەو ڕاستیەش هەر لە جێگەی خۆی دەمێنیتەوە کە گۆرانی و هەورامی و ئەوەی وا تۆ بە "ئەردەڵانی کۆن" ناوت بردوە، بە حیسابی زمانەوانی دەسەلمێت کە کوردی نین!

چاوەروانم دەقەکەت بە چاپکراوی ببینم.

دڵسۆزت

ئیمزا
د. ن مەکەنزی

*دوا قسە: ئیستا دەبینم لە لیستە چاپکراوەکە [ی خۆم] دا چەندین هەڵە سەریان هەڵداوەو [ناوی] میرزا ابراهیم – لە قەڵەم کەوتوە- بەم پییە ژمارەی شاعیرەکان دەگاتە کۆی 40.

# بیبلیۆگرافیای کارە کوردناسییەکانی مەکەنزی

ئامادە کردنی د. نەجاتی عەبدوڵڵا

In : Peter Alford ،The role of the Kurdish language in ethnicity -1
،1989 ،Wiesbaden ،Ethnic groups in the Republic of Turkey ،Andrews.
.pp: 541-542
،The origine of Kurdish. In: Transactions of the Philological Society -2
.pp: 68-86 ،1961
sous la ،tom V ،In: Encyclopédie de l'Islam ،La société kurde-langue -3
.pp: 482-483 ،1986 ،Maisonneuve ،dir.C.C.Berg et Al.Paris
.pp: 418- 435 ،1956 ،part 3 ،vol XVIII ،Bâjalânî In: BSOAS-4
،Leiden: Bril ،vol I ،new éditions ،Badjalan In: Encyclopédie de l'Islam -5
.p. 863 ،1960
.pp: 170-173 ،part 1 ،1963 ،vol XXVI ،pseudoprotokurtica. In BSOAS-6
pp: 354- ،1959 ،part.2 ،vol. XXII ،BSOAS ،The language of the Medians-7
.355
A Kurdish creed. In A locust's leg : studies in honour of S.H. Taqizadeh. -8
.pp: 162-170 ،1962 ،Humphries & Co. ،Percy Lund ،London
Ed. Oxford University ،London ،Volume 1 ،Kurdish Dialect Studies -9
.(248)p ،1961 ،Press
Ed. Oxford University ،London ،Volume 1I ،Kurdish Dialect Studies-10
.(378)p ،1962 ،Press
،and vocabulary ،texte ،grammatical sketch ،The Dialect of Awroman-11
.(141) p ،1966 ،Kobenhaven ،1966
.pp: 255-283 ،1965 ،XXXVIII/2 ،In B.S.O.A.S ،Some Gorani lyric verse-12
،In Yad-name-ye Iran-ye Minorsky ،Mala é Jizri and faqi Tayran -13
.pp: 125-130 ،1969 ،Téhéran
In The journal of Kurdish ،The Kurdish of Mulla Sa'id Samdinani -14
pp: 1-27 ،1995 ،Louvain ،Volume I ،Studies
.pp: 105-113 ،1970 ،8 ،In Iran ،Some Kurdish proverbs -15
pp: ،pt.3 ،Vol XVI ،1954 ،London ،In B.S.O.A.S ،Gender in kurdish -16
.528-541
،London ،In JRCAS ،1945-55 ،A Bibliography of Southern Kurdish -17
.pp: 31-37 ،pt 1 ،VOL 44 ،1957

تەواو بوو.